مەلەفی چەپ لە ئەمڕۆی کوردستاندا … گفتوگۆی ڕێگای کوردستان لەگەڵ ئاسۆ کەمال

ئاسۆ کەمال :" بەڵێ پێویستە لیستێکی چەپ هەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا و بەرنامەیەکی هاوشنی هەڵبژاردنی هەبێ کە بڵێ دەتوانێ لەو پەرلەمانەدا چی بکا؟"
گفتوگۆی ڕێگای کوردستان لەگەڵ ئاسۆ کەمال نوسەرو هەڵسوراوی کۆمەنیست لەبارەی (مەلەفی چەپ لە ئەمڕۆی کوردستادا)
ئامادەکاری مەلەف : هیوا عومەر

لەبارەی ئەم مەلەفەوە:

ڕیشەی تێکۆشانی هێزە چەپ و مارکسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
لەناو ئەوموژوەدا سەرەڕای وەستگەی جیاجیا بەڕام لاپەرەکانی تەژییە لەدەستکەوت بۆ هاوڕاتیان کەڵکی لە دابینکردنی بەشێك لە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسییەکان دەبینێتەوە و توانراوە جێگیر بکرێت لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەستوری عێراق لە قۆناغە جیاجیاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت. هەندێك لەم دەسکەوتانە پەراوێز خراوە و لاواز کراوە، هەندێکی ماوە.
لەهەوڵەرجی ئەمڕۆماندا هەنگاوەکانی حکومەت وەك؛ هەنگدانەوەی سروشتی چارەکە سەدەیەکی ئەم حوکمڕانیەو ئەم تایپە لە دەسەڵات (فۆرمێکی جێژهەڵاتی)لە ئابوری هەیعی بریتییە لە پەیوەوکردنی سیاسەتێك بە قازانج و ویستی بانك و کارتێلە مشەخۆرەکانی ژێر چەتری (نیولیبرالیزمی سەرمایەداری)
ئەمەش رەنگی داوەتەوە لەبەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری وهەژاری ولەدەستدانی بەشێك لەومافانەی بەدەستهاتبوون .
ئەوەی دەگوزەرێت لە هەڵومەرجی ئابوری وسیاسی هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی نوێ بۆ ململانێی چینایەتی وتێکۆشانی جەماوەری هێناوەتە پێشەوە، کە ئەرکی جدیتری خستۆتە بەردەم هێزەکانی چەپ لە بەرامبەر شکستی بەرەی راستەوی دەسەڵات.

(1) کام خوێندنەوە پەیوەستە بە دیاریکردنی ئەرک و ئامانجی چەپ وماركسیەكان؛خوێندنەوەیەك كە ئامانجی چەپ لە پراوێزخراوی دەربەندنەوە وبیكاتە لیدەر لە ئاراستە كردنی ئوداوەكان ؟

ئاسۆكمال:
دەستان خۆش بە پرسیارەكان و بەتایبەت ئەوە گرنگە كە پرسیارتان كردوە چۆن چەپ لە پراوێزخراوی دەربەندنەوە و بكرێتە لیدەر لە ئاراستەی ئوداوەكاندا. ئەم پراوێزبونەی چەپ مەسەلەیەكی سەركیە. بەڵام سەرەتا لەسەر وشەی چەپ پەیوەستە شتێك بڵێم. ئەم تێرمەی چەپ و ڕاست لەشۆڕشی فەرەنسەی ١٧٨٩ هاتۆتاراوە كاتێك نوێنەرانی ئەرستۆكراسی كە لایەنگری دەسەڵاتی پاشایەتی بون لەلای ڕاست و نوێنەرانی خەڵك كە دژایەتی سیستەمی پاشایەتیان دەكرد لەلای چەپ لە ئەنجومەنی نیشتمانی دادەنیشتن. دواتر لەسەدەی ٢٠ یشدا كە جیهان لەشۆڕی ساردا بەدووبەرەوە دابەش بوو ،سۆڤیەت و چین و بلۆكەكانیان وەك چەپ پەناس دەكران لەبەرامبەر كەمپی ئەمریكا و ئەژئاوادا وەك بەرەی ڕاست. لە دنیای ئێستاشدا هەرچەند هەشتا چەپ بە بەگشتی مەبەست لەو هەزانیە كە لە كەمەگەی سەرمایەداریدا خوازیاری ئاوگۆڕ و ریفەرمن یاخود دژی كاپیتالیستی و دژی نیولیبرالین و بانگەشەی كەمۆنیستی و سوشیالیستی و سێكولاریزم و یەكسانی ژن و پیاو و ئازادیە سیاسیەكان و پاراستنی ژینگە دەكەن .
لەهەر دەوریەكدا چەپ لە كەمەگەدا مانایەكی هەیە و پەیوەستە بە جێگای ئەو حزب و لایەنانەی خۆیان بە چەپ دەزانن لە ململانێ سیاسی و كەمپاینەتیەكاندا ،وە لە وڵامدانەو مەسەلە و گرێ سەركیانەی بەردەم خەباتی سیاسی و چینایەتی.
هەربۆیە خوێندنەوە بە چەپ و ئەركەكانی لە پێشدا خوێندنەوەی تایبەتمەندیەكانی ئەو چەپیە كە دەتوانێ ببێت بەو هێزە كە خوازیاری گۆڕانی ئەو دۆخە سیاسی و ئابوری یا كەمپاینەتیە بەرەو ئاراستەیەكی ڕادیكاڵ و جیاواز لە سیستەمی زاڵی ئێستای كوردستاندا. وە هەروەها ناسینەوەی ئەو تایبەتمەندیانەی هێزە چەپەكانی ئێستایە كە لە پراوێزدان.

چەند نمونەیەك لە مێژووی چەپ لە عیراق و كوردستاندا مەبەستەكەم لە جیاوازی مانای چەپ و ئەركەكانی لەهەر دەوریەكدا زیاتر ڕون دەكاتەوە.
لە دەیەكانی سەیەمی سەدەی بیست تا كۆتایی سیستەمی پاشایەتی لە عیراقدا حزبی شیوعی نوێنەرایەتی چەپی كەمەگە بوو ، بەوەی خواستی جوتیارانی بە ئیسلاحی زراعی و خواستی خەباتی ڕزگاریخوازی بە

نیشتمانێکی ئازادی پیشەسازی لە ئیمپریالیزمی جیهانی وایە نوێنەرایەتی دەکرد. کاتێک شۆڕشی ١٩٥٨ ئەم هەنگاوی بەم ئاراستەیەدا نا و پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا خۆش بوو، ئیتر مانای چەپ بوون لە کەمپگەدا گەدرا و بەرنامەی حزبی شیوعی نوێنەرایەتی گەلانکاری سیاسی و شۆڕشگێڕانەی نەدەکرد و بەتایبەت کاتێک بەرەی لەگەڵ حکومەتی بەعسدا پێکهێنا جێگای حزبی شیوعی بەرەو ڕاست وەرگەڕا.

لە کوردستانیش لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا کەمەڵەی جەنجەران نوێنەرایەتی چەپ و ڕۆشنبیران و خەڵکی زەحمەتکێشی دەکرد لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دژی بەعس و بەرامبەر بە مەدلەلی پارتی وەک هێزێکی ڕاستەوی خەڵکی. بەڵام لە هەشتاکاندا کاتێک کەمەڵەی جەنجەران وەک پاشکۆی شۆڕشی ناوخۆی جەلالیزم و پێوەکردنی سیاسەتی حزبە ناسیونالیستەکانی تر لە حوکمی زاتیدا و وەرگرتنی ئیمتیاز لە هەر دوو تەک کە بەشێکیان پێ بدا ،کاری دەکرد و ئیتر نوێنەرایەتی هیچ چەپ بوونێکی لە کەمپگەدا نەدەکرد.
لە سەرەتای نەوەدەکانیشەوە کەمەنیزمی کرێکاری نوێنەرایەتی چەپێکی دەکرد ، کەوەک بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیرانی ناڕازی دژی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی یەکێتی و پارتی و دژی بێکاری و شۆڕشی ناوخۆ و دژی کوشتنی ناموسی ژنان و سەربەخۆیی کوردستان ، تاکو لە سەرەتای ٢٠٠٠دا بەزەری چەک کرایە دەرەوەی مەیدانی ململانێی سیاسی.

لە ٢٠٠٧ بەدواوە جۆرێکی تری چەپ لە کەمپگەدا دەرکەوت کە شێوازێکی دەرکەوتنی وەک ڕێوتێکی حزبی نەبوو وەک ئەو چەپە حزبیانەی پێشوو، بەڵکو بزوتنەوەیەکی ناڕازایەتی داواکاری جەماوەری بوو کە دژ بەدەسەڵات لە پێناو باشترکردنی گوزەران و ئازادی سیاسیدا هاتە مەیدان. ئەم بزوتنەوە ناڕازایەتیە جەماوەری و سیاسیە خۆی لە خۆپیشاندان و مانگرتن و هەرشکردنە سەر دامودەزگاکانی دەسەڵاتدا نیشانداوە و قەناعی جەراوجێری بەیوە و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەمە خۆی بەشێك لە بزوتنەوە دژی هەژاری و دژی سەرکوتی دەسەڵاتە ،کە دیاردەیەکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقایە و لە ئێرانەوە تاکو تونس و لیبیا بەشیوەی جەراوجێر خۆی نیشان دەدا.

بەیە ئەگەر باس لە چەپ وەک بزوتنەوەیەکی کەمایەتی دژی دەسەڵات بێت و دژی هەژاری و نەبونی ئازادی بێت، ئەوا ئەم ناڕازایەتیە جەماوەریانە ئەو بزوتنەوە چەپەیە کە دەبە بنەمای کاری کەمۆنیست و سۆشیالیستەکان بێت.

چەپەک کە لە پرسیارەکەتاندا هاتوە و پیویستە لە حاشیەیەوە بچێتە قۆناغی پێشەوەو دەبە سەرتا جگە و یگەی خۆی لەگەڵ ئەم بزوتنەوە ناسۆزایەتیدا دیاری بکا . هەر خوێندنەوەیەک لەلایەن هەر هێز و گروپ و حزبێکەوە، ئەگەر سەرتا ئەم بزوتنەوە ناسۆزایەتیە جەماوەریە وەک بنەمای دەوری چەپ لەمەڕی کوردستاندا نەناسێت ئەوا ناتوانێ لە قاڵبی ئیستای پڕاوێزبونی خۆی دەربچێ. من سەرنجی وەڵامەکانی ئەو ئەندامانەی ئەو حزبە چەپانەی ئەوە دواندوتان داوە لە حزبی شیوعی و کۆمۆنیستی کرێکاری و هەڵسوڕاوانی چەپ. ئەوەی جگای سەرنجی منە ئەوەیە کە هەشتا ئەم حاشیەیی بونی خۆیان لەم ناسۆزایەتیانە و لە ململانێی سیاسی نێو کۆمەڵگەدا نابینن و دیانەوێ لەچوارچێوەی هەمان سیاسەت و چوارچیوەی هێکخراوەکانی خۆیانەوە درێژە بە کارەکانیان بدەن.

چەپی حاشیەیی دەوری گەلان و ئیسلامیەکان لەم ناسۆزایەتیانەدا دەکاتە بیانویەک بۆپاساودانی لاوازی و پڕاوێزبونی خۆی. ئەمە وەک واقعیەتی ناسۆزایەتیەکی کۆمەڵایەتی لەم کۆمەڵگەیانەدا نابینێ و پێی وایە دەبە بزوتنەوە ناسۆزایەتیەکان کاریگەری بزوتنەوە بورژوازیە ناڕازیەکانی بەسەرەوە نەبێ ، لەکاتێکدا چەپی کۆمۆنیستی نێیتوانیوە ببێتە پێشەوەی ئەم ناسۆزایەتیانە! لەڕابردودا ئەم ناسۆزایەتیانە لەژێر کاریگەری ئۆپۆزسیۆنی گەلان و ئیسلامیەکاندا بەڵامدا برا و لە ١٧ شوباتدا سودی خراپیان لەو خێپیشاندان و قوربانیانەی خەڵک بینی ،وە ئێستاش کاریگەری خەشباوەڵی ریفورم و دیموکراسی پەرلەمانی گەلان و ئیسلامیەکانی لەسەرە و "بەرەی مۆڤوویی" هەموو زیانلێکەوتوە ئیسلامی و گەلان و هاودیدە کۆنە یەکێتیەکان و نەوەی نوێی کۆنالە ئاسمانیەکە ، دیانەوە جارێکی تر ئەم بزوتنەوە ناسۆزایەتیە بکەنە پردی گەیشتنەویان بە کورسیەکانی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی. بەنام خالی ئاوگەڵەی گرنگیش لەم بزوتنەوە ناسۆزایەتیانەدا ئەوەیە کە جەماوەری کرێکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەت و لاوان لە مەیدانی خۆپیشاندانەکانی کۆتایی ٢٠١٧دا لەدژی هەر پێنج حزبەکەی دەسەڵات هێزی ناسۆزایەتی خۆیان بەرانبەر بەم حزبانە نیشاندا. هێزێک دێتوانێ ببێتە پێشەو کە ناسۆزایەتیەکانی ئێستا لەباری ئامانج و ێکخراوەیی گەشە پێبدا تا ئاستی گەیاندنی بە بدیلێکی جەماوەری کە توانای فشاردانانی لەسەر دەسەڵات هەبە بە جێبەجێکردنی خواستەکانی و هێزی سەراسەری و لەکاڵی کێکراو و ێکخراوی هەیە بە لەکارخستنی توانای سەرکوتی دەسەڵات لە خوارەوە، وە بوونەی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی و جەماوەری کە ئەلتەرناتیڤی دەسەڵاتە لە هەنگاو و سیاسەتکانیدا دەرکەوە.

چەپەک کە لە ناسیۆنالیستەکانی ئێستادا پەکەوە کاردەکەن ، وەک کۆمۆنیستی کرێکاری و شیوعی و زەحمەتکێشان و گروپە چەپ و هەستەواوانی ناسیۆنالیستەکان، دەور و کاریگەریان لەسەر ئەم ناسیۆنالیستانە لاوازە و دەورەکی حاشیەیە. پرسیارەکەتان دەیەوێ ئەم چەپە بکاتە لیدەری ناسیۆنالیستەکان. لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەم چەپە خۆی لە ئاستی ناسیۆنالیستەکەدا پراوێزە و ئاستی ناسیۆنالیستە جەماوەرییەکان و پراتیک و دەخالەتیان لەم چەپە بەرزتر و کۆمەلایەتی ترە کەواتە ئەم چەپە ناتوانێ ببێتە قائیدی ئەو ناسیۆنالیستانە و بە هێکخراوبونی ئابووری ئەم ناسیۆنالیستانەو هێکخراوانەدا ئاستی توانایی و دەخالەتی ناسیۆنالیستەکان دێتە خوارەوە و وەک ئەم هێکخراوانە دەبنە حاشیەیی.
کەواتە ئەوە ئەم چەپەیە کە دەبێ بگۆڕێ و بچێتە ئاستی ناسیۆنالیستە جەماوەرییەکانەوە و ناسیۆنالیستەکان بگەیەنێتە ئاستی بەدیلێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی. بەڵام ئایا ئەم هێکخراوە چەپانەی ئێستا ئەم بەرنامە و نەخشەکارییانە و لە ناسیۆنالیستەکان و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستاندا وەڵام بەم ئەولەویەتانە دەدەنەوە؟

بە نمونە ئەم ئاوگۆڕەی بەرنامەیی و سیاسی لە حزبی شیوعی دەوە کە لە بزوتنەوەیەک بە ریفەرمی سەرمایەداری ،کە هەشتنەوەی سەرمایەداری دەوڵەتی دەوە و هێگەی گەیینی سیستەم لە پەرلەماندا دەبینێتەوە و لە حکومەتی یەکێتی و پارتیدا پەست و وزارەت وەردەگرێ، بە بزوتنەوەیەک کە خوازیاری هەوشانەوەی سەرمایەداری و دروستکردنی دەسەڵاتی هاستەوخۆی کرێکار و فەرمانبەر و چینە هەژارەکان بێ و لە ئاستی سیاسیدا کار بە ژێرپە چەکردنی دامودەزگای چەکدار و سەرکوتی دەسەڵات بکا.
بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش پەیوەستی بە گەیینی پراتیکێ لە گروپەکی ئاژیتاتۆری ناو دنیای قەرچواڵەوە بەرەو حزبێک کە هابەرانی ناسیۆنالیستەکان لە تەڵەکی جەماوەری و سیاسیدا کەبکاتەوە کە هەنگاو بەهەنگاوی ئەم ناسیۆنالیستانە بەرێتەپێش و سەرپەرشتی بکا. پەیوەستی بە گەیینی ناوەندی کارکردنی ئەم حزبەیە لە نەو میدیای قەرچواڵەوە و پەژڕای قەرچواڵەوە کارکردن لە نەو خەباتی واقیعی و لەنەو گەرەک و فەرمانگە و شوێنی کار و ژیانی کرێکاران و فەرمانبەران و کاسبکاران و خەڵکانی ناوازی و ئازادیخواز و سۆکولار و سەرخستنی پەژڕ و خواستە واقیعیەکانیان. ئەمە بە هەموو ئەو گروپ و دەستە کۆمۆنیستی و چەپ و سۆشیالیستیانەی تریش دروستە کە دوورەپەرێزن یان لە پراوێزی ناسیۆنالیستە جەماوەریەکاندان.

هەموو ئەو هێز و هێزەسوڵاوانەی کە لە ناڕەزایەتیە سیاسی و چەماوەریەکانی ئێستادا بەشدار و چالاکن، دەتوانن ماتریالی دروستکردنی بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی پشتڕاست بکەنەوە و ئۆپۆزسیۆنی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە . کاری گرنگی ئەم هێزە لەناو چەماوەری ناڕازی و کرێکار و فەرمانبەر وژنان و لاوان و خوێندکاری ئازادیخوازدایە کە بتوانێ پشتڕاستایەتیە ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان بکا و لەگەڵ شۆڕشی تازەی ناڕەزایەتیکەران و ئاڵوگۆڕانی ئەو دەستە و گروپانە تێکۆشانێت و بەرەیەکی چەپی بەرفراوانی کۆمۆنیستی و سیاسی کە دەبێتە بەدیلی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، لە جێگری حزبە چەپەکانی یەنان، ئیسپانیا و ئۆکخراوەی جەماوەری و کرێکاری و ئۆرگانەجەراوجۆرەکانی خەباتی سیاسی و کۆمۆنیستی دروست بکا نەک تەنیا لە ئەندامەکانی خۆیان بەڵکو لە زۆربەی هێزەسوڵاوانی ناڕەزایەتیەکان.

(2) هێرشەبەرجی ئەمڕۆ و شکستی حوکمەانی بەرەی راستڕەوی ، چ بژاردەو پلاتفۆرمێکی مومکین دەخاتە بەردەم هێزچەپ ومارکسیستەکان ؟ هێزچەپ ومارکسیستەکان کێن لەمڕۆدا ، دەتوانن لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا کەبنەوەبەربەستەکانی بەردەم کاری ئۆوهێزانچین ؟

ئاسۆکمال:
ئاستە بەرەی ئاستی کۆمەڵگە کە یەکێتی و پارتی و گۆران و ئیسلامیەکان و هاوپەیمانەکانیان نوێنەرایەتی دەکەن شکستیان هێناوە. پارتی و یەکێتی وەک حکومەت و ئیدارەی سیاسی و سەربازی و ئابوری شکستیان هێناوە و لە ئەزمەی هەمەلایەنەی سیاسی و ئابوریدان. لەهەمان کاتدا گۆران و ئیسلامیەکان و هاوپەیمانی و نوێی نوێش لە سەرلەشیواوی و بە بەدیلیدان. بەڵام سیستەمی بنەماڵەیی و میلیشیایی دەتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدا بەمەرجێک بتوانێ خەڵکی کرێکار و فەرمانبەر و کاسبکار لە بە موچەیی و بێکاری و نەبونی خزمەتگوزاریەکاندا ئابگرێ و قورسایی قەیرانەکانی بەسەر خەڵکی کرێکار و هەژاردا بشکێنێتەوە و درێژە بە سەرکوتی سیاسی و سەربازی بدا.
پرسیار ئەوەیە تاکەی ئەم دەسەڵاتە دەتوانێ درێژە بەم سیاسەت و بەرنامەی هەژاری و سەرکوتی خۆی بدا و لەگەڵیشیدا شەرعیەتی مانەوەی هەبێ؟ بەگومان ئەمە سنوری هەیە هەر بۆیە بۆهاری عەرەبی و ١٧ شوبات و خۆپیشاندانەکانی کوردستان و عێراق و بۆهاری ئێرانی

بەردەوامە.
پارتی و یەکێتی لە چارەسەری کێشەی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقیشدا شکستیان هێناوە و نەک سەربەخۆنەبون بەڵکو فیدرالیزمەکێشیان هەڵپاچرا و هیچ ئایندەیەکی ئابوری و سیاسی دەسەڵاتەکەیان دیار نیە. لەبەرامبەر ناڕازایەتیەکاندا جگە لە سەرکوت هێگای تریان بە دامرکانەوەی تووڕەیی خەڵک نیە.

ئۆپۆزسیۆنی پارتی و یەکێتیش سەرلەشواون . دەمەک ئیسلامیەکان لە ناو حکومەتی بنکە فراوانەدان و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبنە ئۆپۆزسیۆنی حکومەت و داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکەن. دەمەک گوایە دەبێتە هاوپەیمانی یەکێتی بە گوێنی هاوسەنگی و دوای هیلاکبونی لە نەوان دەستی دەستی باڵەکانی یەکێتیدا دەچێتەوە خزمەت پاکێجە هاوبەشەکانی لەگەڵ ئیسلامیەکان. هەشنبیرانی ئەم ئۆپۆزسیۆنەش خەریکی نوسینەوەی خەوی شیرینی دیموکراسی پەرلەمانین و جۆزنی "بەرەی مەژووی" کەکتەلی ئیسلامی و کۆنە هاوپەیمانەکانی یەکێتی دەگرن دوای بە ئومێدبونیان لە سەرکەوتنی "قەناغێ مەژووییەکەی" گوایە لە دەورەی پەرلەمانی پێشودا. ئەم نیوە ئۆپۆزسیۆن و نیوە هاوپەیمانی دەسەڵاتە، لەبەردەم عەبادی و مالیکی و ئەراندا چەکی داداوە تاکو بیانگەیەننە کورسی دەسەڵاتی هەرەمی سلەمانی.

بگومان بەرەی چەپی کەمەگەڵ ،کە خەڵی لە ناڕازایەتیە جەماوەریەکان و هەڵکشاوەکانی بەشدار لەو ناڕازایەتیانەدا دەبینێتەوە، هوبەوەی هەلومەرجێکی ئاڵۆزی سیاسی یە. ئەم هەلومەرجە ئاڵۆز، هەم لەبەرئەوەی لە کوردستان دەوڵەت و سیستەمێکی سیاسی سەراسەری و دامودەزگای دەوڵەتی نیە و ئەوەی هەیە دوو ئیدارەی میلیشیاییە کە هیچ پەرلەمان و یاسا و چوارچیوەیەکی نەودەوڵەتی تیایدا کارناکات تاکو هێگای گوێنی سیستەم و یاسا هێگایەکی سادە و ئاشن بێت. هەم ئەم دۆخە ئابوری و سیاسیە کاریگەری لەسەر ئاستی وشیاری و یەکخراوبونی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش داناوە و چۆنیەتی یەکخستنی کەمەگەی لە خوارەوەش سەخت کردوە. واتە کاری هەکخستنی سەندیکایی و پیشەیی و شورایی وەک کەمەگەیەکی جەگیری خاوەن دەوڵەت نیە و بە هەخستنی خەباتی ئابوری و بەکارهێنانی ئامازی مانگرتن و خۆپیشاندانی ئارام بە فشارخستنە سەر دەسەڵات میکانیزمی ئاوگۆی سیاسی و ئابوری نیە و دەسەڵات بەم جۆرە فشارانە ملکەچ ناکات بە خواستەکانی خۆپیشاندەران.

هەروەها ئەم ئاوگۆە لە یەگای پەرلەمان و هەڵبژاردنی پەرلەمانیەوە ناکرێ و تەجروبەی ٢٦ساڵی ڕابردووو نیشانی داوە کە

پەرلەمان و هەڵبژاردن ئامرازکانی دەسەڵات نین بەکو پاشکۆی دەسەڵاتی میلیشیاین و هەرکات یەکێتی و پارتی زانیان پەرلەمان هێگرێ لای دەبن و پەکی دەخن. هەروەک مەلا بەختیار ئەو ڕاستیەی ٢٦ ساڵی ڕابردوو بە گوێی هەر خشباوەکی دیموکراسی میلیشیایدا دەدا کە، "یەکێتی یەک کورسیش بهێنێ هەر دەسەڵاتێ و کەس ناتوانێ چەکی بکا ، لەبەرئەوەی خاوەنی ئاسایش وزانیاری و هەزی ٧٠ و پۆلیس و بیرۆتکانە". ئەم دەسەڵاتی ڕاستقینەیە و ئێگەر چەپ بیەوێت ئەم دەسەڵاتە بگۆڕێت دەبێ یەکێتی و پارتی چەک بکا و خاوەندارێتی ئەم حزبانە بە" ئاسایش وزانیاری و هەزی ٧٠ و پۆلیس و بیرۆتکانە" هەڕەشەنتەوە. پلاتفۆرمی سیاسی و ئابوری چەپکی پشتەو دەبێ گۆڕینی دەسەڵاتی میلیشیایی بێت لە کوردستان. ئەم ڕیگای شکاندن و ڕاپەڕین و خۆپیشاندانکانە و هەر بەیەنەک هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بەکو دەسەڵاتدارێتی لەکاڵی گەڕانیش ترسی لەم هێگاچارەیەی خەڵکی بە موچڕ و ئازادیخواز نیشتوە و لەزمانی پارێزگاری سلێمانیەوە هاواردەکا"نابێ ڕاپەڕین بەسەر دەسەلاتدا بکرێ وەک بەسەر حکومەتی بەعسدا کرا".

پۆلاماری خۆپیشاندەرانی کۆتایی ٢٠١٧ نیشانی دەدا کە لەبەرامبەر دەسەڵاتیکدا کە تەنیا شەرعیەت لە میلیشیا و لوڵەی چەکەوە وەردەگرێ ، خەڵک بەو قەناعەتە دەگات کە دەبێ لە خوارەوە و بەزەری هەز ئەم دەسەڵاتە لابەرێ. ئەم هەمان ڕاستیە کە لە بەهاری عەرەبیدا لە تونس و میسر بینیمان و لە سوریە و یەمەن و لیبیاش بینیمان کە ئەم جارە دەسەڵاتە بنەماڵەیی و عەسکەریانەی هەژەمۆنیاتی ناوەڕاست چەن لە پەناو مانەوەیاندا ئامادەن کەمترێگ نوقمی خوێن بکەن. هەربۆیە پەویستە خەڵکی کوردستان بە ڕێگرتن لە دەستبردنی دەسەڵات بە دروستکردنی سیناریۆی هەش ،لە چەشنی سوریا و یەمەن ، دەستبەرن بە ڕێکخراوکردنی دەستێ و تۆی ناڕازایەتیکان و سەرتاسەری کردنەوەیان لە ئاستی هەموو شاروشارچکەکاندا و دروستکردنی ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی و بەرەی سیاسی لە چەشنی "یەکێتی گشتی کار لە تونس"،تابتوانن ڕوبەڕوی هیزی سەرکوتگەری دەسەڵات ببنەوە .وە گرنگێ هەزی پشمەرگێ و چەکداری دەسەڵات بەلای پشتیوانی لە خواستکانیاندا ڕاکشن. هەروەک لە خۆپیشاندانکانی دوایدا بینیمان ژمارەیەک فەرمانبەری ئاسایش و پشمەرگێ ڕایان دەگەیاند کە بەشداری سەرکوتی خۆپیشاندەران ناکەن. ئەم کارە پیویستی بە ئامادەیی لە سەرخستنی ناڕازایەتیە پەرژوبڵاو و لکاێکانی ئێستا بە باشترکردنی ژیان و گوزەران و لە پەناو ئازادی و بەرگری کردن لە خۆپیشاندەران و ڕێکخراوکانیان.

بەکورتی پلاتفۆرم و مەسەلەی سەرەکی لە کوردستاندا گۆڕینی ئەم سیستەمە میلیشیایییە بە دەسەڵاتێک کە خۆی تیایدا بتوانێ دەوری سیاسی هەبێ و خواستی ژیانەکی باشتری هەبێ ، حزبە بورژوازییەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی وەکامیان پەرلەمان و هەڵبژاردنە. بزوتنەوەیەک کە بیەوێ پشتەو بەت نەک پەراوێز ئەبێ بەدیلی گۆڕینی دەسەڵات لە ڕێگەی ناڕەزایەتی و ئاپۆڕینی جەماوەرەوە بکاتە ئەمری واقیع و ئەو بزوتنەوە ناڕەزایەتیەی دژی دەسەڵات هەیە بەرەو ئەم ستراتیژە شۆڕشگێڕانەیە بەرێ. ئەمە بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی سیاسی و ئابووریی پێویستە کە هەنگاو بەهەنگاوی بەرەو پشتەوە بردنی ئەم خەباتە دەست نیشان بکا و هێزی لە مەیداندا بێ کەبکاتەوە. تایبەتمەندی کوردستان ئەوەیە کە میکانیزمی ئەم کەکردنەوەی هێزە دەبێ دروستکردنەوەی شۆڕشگێڕیەکی تەریب بەت بەو کەمەڵگەیەی دەسەڵات لەسەر بنەمای بنەماڵەیی و میلیشیای عەشیرەتی و ملکەچی موچە و بن دیوار ڕەکی خستوە. ئیسلامیەکان و بەتایبەت ئیخوانیەکان بەپاڵپشتی سعودیە و ئێران ئەم جارە ڕەکخستنەی کەمەڵگە لەسەر بنەمای " ئیکخراوی خەرخواز"ی و مەدرەسەی قورئان خوێندن و دەزگای ئەوقاف و مزگەوت و مەلا و زەر شۆڕشی تر ڕەک خستوە و لە ناڕەزایەتیەکانیشدا ئامادەن ، تاکو لەڕێگەی ئەم میکانیزمانەوە بنکەی جەماوەری بە دروستکردنی ئامڕازی فشار هێنان دروست بکەن بە گەیشتن بەدەسەڵات. چەپ و کەمۆنیزم لە کوردستاندا پێویستی بە ڕەخستنی کەمەڵگەیەکە لەسەر بنەمای خەبات و ناڕەزایەتیەکان و لە دەوری ڕەکخراوی جەماوەری و پیشەیی و تەڕەکانی خۆپیشاندان و مانگرتنەکان و ناوەندی خەبات بە یەکسانی ژن و پیاو و سەکولاریزم و سەربەخۆیی کوردستان و میدیا و تەڕە کەمەڵایەتیەکان و هتد. بە دروستکردنی ڕەکخراوی جەماوەری بەرفراوان و ڕەکخستنی مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆنترۆڵی دامودەزگاکان لە خوارەوە. ئەو چەپەی لەدەوری بەرنامە و پراتیکیکی لەم چەشنە لە جەرگەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و لە ململانێ سیاسیەکاندا کەدەبێتەوە دەتوانێ بەرەیەکی بەهێزی سیاسی و جەماوەری لەمەڵەی کوردستاندا بەرامبەر بە باڵی ڕاستی دەسەڵاتدار و نیو ئۆپۆزسیۆن – نیو هاوپەیمانی دەسەڵاتدا دروست بکا.

(3) لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، پلاتفۆرمی چەپ چی بەت ؟بەشدار بن یان نا ؟ تاچەند بەشداریکردن بە لیستەکی یەکگرتووی چەپ و بە دەستهێنانی نوێنەرایەتی ڕێگا خۆش دەکا وئاسانکاری دەبەت لە گۆڕینی واقیعی سیاسی و ئابووری ؟

ئاسۆکمال:
بەڵێ پێویستە لیستێکی چڕ هەبێت لە هێزبزاردنەکاندا و بەرنامەیەکی ڕۆشنی هێزبزاردنی هەبێ کە بۆ دەتوانێ لەو پەرلەمانەدا چی بکا؟
بەڵام پێویستە سەرەتا ڕاستیەک بڵێین بەخۆک بڵێین کە پەرلەمان هۆگری گێشتنی نوێنەرانی خۆک بەدەسەڵات نیە و بێشداری لە هێزبزاردنەکاندا خۆک ناگێرێنتە دەسەڵات و بێشداری بەمانای ئەوە نیە لەهۆگری ئەم پەرلەمانەوە دەگەڕێن بۆ دەسەڵات و دەسەڵات دەگۆڕێن. لەبەرئەوەی ئەم پەرلەمانە دەزگایەکی پاشکۆ و بێکاریگەری سیستەمی میلیشیایە کە هیچ ئیعتبارێکی سیاسی و یاسایی نیە لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە کە وەک خەیان دەژمێن دەسەڵاتی ڕاستەقینەی عەسکەری و سیاسی و دارایی لەژێر دەستی ئەو حزبانەدایە نەک پەرلەمان.
بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستیانەش هەی بێشداری ئەمە وەک چڕ و کەمەنیزم ئەوەیە کە لە ئێستادا خاوەنی دەزگا و ئێرگانی بەدیلی پەرلەمان نین ، بۆ نمونە شورا و ئێنجومەنە ڕاستەوخۆکانی خۆک بونیان نیە، هەربۆیە بەناچاری دەبێ لەهەر هۆگرێیکی سیاسی و دەزگایەکی ئیداری سودوەربگیرێ بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی نافزایەتی خۆک و ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتدا.
ێگەی گەڕانکاریە سیاسی و ئابوریەکان ێگەی گەڕینی سیستەمی میلیشیایی و بنەماڕەیی یەکێتی و پارتیە . بۆکو دەبێ بێشداری لە هێزبزاردنەکان و پەرلەمانیشدا بۆ قەناعەت پێهێنانی جەماوەر بێت بۆم هۆگایەی لە دژەوەی پەرلەمان و لەسەر شەقام و بۆ خۆپیشاندان و ڕاپەڕین و شۆڕش ئیمکانی هەیە.
بۆگومان خۆک لە خۆپیشاندان و نافزایتیەکاندا نیشانی داوە کە قەناعەتی بۆم حزبانە و دەسەڵاتی گەندەڵ و سەرکوتگەریان نەماوە . هەربۆیە لەهێزبزاردنەکانیشدا دەنگ نەدانیش بۆ شۆازێکی تۆڵە سەندنەوە لەم دەسەڵاتە دەزانێ . پێویستە ئەم هێوەستەی جەماوەری ئازادیخواز و ناڕازی پشتیوانی بکرێ و ڕابگەیەنرێ کە نابێ شەرعیەت بدرێتەوە بۆم حزبە بورژوازیانە و دەنگیان پێ بدرێ.
ئەگەر چڕ نەتوانێ بێشداری ئەم هێزبزاردنە بکا دەبێ ڕایگەیەنێ کە توانای عەمەلی نیە بۆ بێشداریکردن . نابێ لەژێر دروشمی ئەوەی پەرلەمان پاشکۆی میلیشیایە و دەوری نیە، بۆ توانایی خۆی بۆ جەماوەر بشارێتەوە . بۆکو دەبێ ڕایگەیەنێ کە ئەوە کەموکوێیکی سیاسی چڕ و کەمەنیزمە و دەبێ پەبکرێتەوە تا بۆم شەوێ نیشانی بدا لە کەمەگەدا دەوری پێشەوی سیاسی دەبینێ نەک ئاژیتاتۆرێکی پەراوێزکەوتو.

لەهەبژاردنەکاندا دەبە پاوەری پەکھەنانی بەرە و فراکسیۆنی چەپ بە هەبژاردنەکان لەسەر بنەمای ئاوەستانەوە بەرامبەر بەدەسەاتی یەکەتی و پارتی و بون بە بەدیلی دەسەاتی ئەوان بەت. دەبەت مەرجی بەشداریکردنی هەر هەزەک لە فراکسیۆنەکی چەپدا بریتی بەت لەوەیە کە ئەو هەزە هەرچەشنە هاوپەیمانیەک ەت دەکاتەوە لەگەە پارتی و یەکەتی دا لە هەبژاردنەکانی لە کوردستان و لەعەراق و لە ناوچە جەناکەکان. و دەبە بەهەموو شەوەیەک بەشداری کردن بە لیستەک لەگەە ئەم دەسەاتە و بەشداری کابینەکانی ئەم دەسەاتە ەت بکرەتەوە . هەر هەزەک دەبە لە سیاسەتی بەرامبەر بەدەسەاتدا پابەندی بەم بەرەی چەپەوە بسەلمەنە و پشتیوانی لە نارەزایەتیەکانی خەک دژی دەسەاتی ئابوری و سیاسەتی بەینی موچە و نیولیبرالیزمی ئابوری و دژی بەیار و یاسا و کردەوە دژە ئازادیەکانی دەسەات بکا و کار لەپەناو بەدیهەنانی خواستەکانی ناەزایەتیەکان و ئازادیەکاندا بکا.

خەیاە و یادەوەریی، شکۆی ئامانجەك* ... عەلی مستەفا

خوەندنەوەیەکە بە کەشیعری "چیایەکانی من"ی هەندرەن

عەلی مستەفا
کەلەژی پەروەردە- شەقاوە 2017
-————————————

لە ناو ەگی ئەو: زمانەدا، کە لە ناو ئەو هەبوونەدا جماوە، هەست دەکەم بە هاومرەقەکانەوە نامەم. ئەوەی گەرەکمە چەن بە گەی بەنم، گوتنگەلەك هەن کە دەبە بە گەیان بەنم.

چیایەکانی من

(چیایەکانی من)، کەشکەکی هەچنراو لە قەبارەیەکی سەرنججواندا، جیهانەکی تایبەتە لە نووسینەوەی مەتافیزیك، باگراوەندە

فەرهەنگیی، بۆچوونە کاریگەر و ئیماکردنی ئاوازە نەژەنراو و بەجێماوەکانی هۆنگ، لە قەدی بنارەوە. گەرەکمە بە بناری ئابردوویەك هەبزنم، تا لە دوا کەناری ئیماندا بۆ ئارامیی، حیکایەتی باپیرە بگێڕینەوە. هەوڵدان بە گەیشتنی مەبەست بۆ لووتکەی چیایەکانی من، ئومێدە بە گەیشتنی یادەوەریی و خەیاڵە بەنجبووەکانی بۆوا. ئەم کێ شیعرەی هەندرێن؛ چینی ستڕانی بەهایە بۆ گەیشتن، بۆ لەنگەر گرتنی کەشتی سەرکەوتن، بۆ سەوز بوونی هەموو ئەو جێپێیانەی لە باوەی ئابردوودا بەجێمان. چیایەکانی من گەشتی حەقیقەتێکە لە هۆنگی ئەفسانەدا بۆ ئەو تۆمارانەی، کە ئێستا نانووسرێنەوە. تۆماری دەنگی بنارە بۆ ئێستا. نووسینەوەی خەیاڵی بارانە بۆ داپۆشنی ماچی ژوان. گۆرانەوەی بانگێکە بەدەم شنەی سەرکەوتنەکان. لێدانەوەی هاوارێکە لە زریکە، ناڵەی منداڵ و ژنانی نیشتمان.
چیاکانی من لە نووسینی هەندرێندا، نووسینەوەی هەندرێنە لە ئاوێنەی ئازار و مەشهەدە هۆنگاو هۆنگەکان لە بنار هەڵان. کەرنەڤاڵی هەندرێنە مۆژووێك دەبێتە لاوك و بەیتێکی لە شێوە لامپادا. چیاکان شانازییەکانن، لە ناو ماڵی دیلانێی (چیایەکانی من) دا.
محەمەد ماغوت، شاعیری ناسراوی جیهانی عەرەبیی دەڵێت: گەر قەسیدە یان ئەزموونی شیعرییمان بە ماڵێك دانا، ئەوا من لە دەرگەی نادەم، بەکو ئەو لە دەرگەم دەدات. هەروەها دەڵێت: دنیایەکی دیسپلینکراوم بۆ شیعر نووسین نییە. شیعر نووسین ئاژاوە و بەسەروبەرییەکە بە جەنگی ئەسپەکان دەچێت لە تەپوتۆزدا.1
هەبەتە هەندرێن،- شاعیرێك بریتی نییە تەنیا لە هەست گەماردان، بەکو هەموو واقیع لە نووچەی مەراقیدا دەبنەوە بە شایی و لە دەروازەی خەیاڵدا لە دەرگەی نووسینەوە بە تۆهمەی شیعر لە هەندرێن دەچنە ژوور. کەواتە شیعر هەستکردن نییە بە برسییەتی و لە بەیانیەوە تا ئێوارە بەدوای ناندا ڕابکەی، بەکو شیعر هۆنگدانەوەی ئەزموونە لە پێناو دەسکەوتی گەورەدا، یاخود لێدانەوەی بیرەوەرییە لە سەردەمێك بۆ جوانیی، سەرکەوتن و دەستکەوتنی مەبەست، هەوڵت بۆ داوە. نووچەیەك دەبێتە دەنگی بەرز و ئەم دەنگیەش زۆر جاران دەبێتە هەڵوەست. لای شاعیر هەست کانگەیە بۆ گەماردان و ئاوێتە بوونەوە، دواجار شیعر دێت و بە شاعیر دەڵێ؛ منم واقیع، سێاو. ماغوت دەڵێت: لە ئاکامی لێشاو و ئاپۆرای شیعر، هێدی هێدی شەپۆلەکە ڕوون دەبێتەوە و هەمیشەیش ڕاستگۆیی دەبێتە دەستپێك و کۆتایی شیعرەکانم. ماغوت دەڵێ: من ئەگەر بە خەستی بریندار نەبم نانووسم.2

لە خوێندنەوەی (چیایەکانی من)ی هەندرێندا، سەرەتایەك دەستپێدەکات هەست دەکەی بیرەوەرییەك دەنووستەوە لە ئاوی حەیات ڕوونتر و لە هەنگدانەوەی نووچە و هەنگەکانی ئێستا بەرزتر، کۆتایی دەقەکانیش نووسینەوەی ئەو ئازارانەن خەریکە ئەمێ دەبنە پەتایەك بەسەر کەمەگەی کوردیی. هەنجی تکەشان، بەردەوامی و نەسەمینەوە، دەبن بە مۆتەکە. بەڕام ئەوەی شاعیری ناچار ئەو نووسینەوانە کردووە، یاخود ئەو ئازارە پێ لە ئێشەیە، کە کاریگەری خستووەتە سەر گیان، هەست و بیرکردنەوەکانی شاعیر و بوونەتە فشاری دەروونیی و دواجار شیعر دێت و لە دەرگەی شاعیردا، دەڵێت: سڵاو.
هەندرێن مەنیفێستۆکی یادەوەرییە لە ماڵی (چیایەکانی من)دا، بۆیە لە خوێندنەوەت بۆ دەقەکان، دەبینیت خەیاڵ ژەنیارێکە زمانی شیعر لە وێنەی پێ لە هەنگدا عەزف دەکات. بۆیە مەدای خەیاڵ لەم دیوانە شیعرەدا فانۆسێکە بەدەست هەندرێنەوە، کاتێك بەدوای وێستگەکانی ژیان، کولتوور، جوانیی و گوناهەکاندا دەگەڕێت. هەندرێن ئێژێت.
ئەوەتا گوێئەستێرەی نیگاکانت بەناو تەنیایی منەوە باڵە فڕێ دەکەن و خاو دەبنەوە. منیش بە دەم باڵەفڕێ و خاوبوونەوەکانتەوە یادەوەرییم فەرامۆشی دەتنێتەوە. لە خودی خەم ئادەمێنم و لە ڕێچوونتدا خەم دەدزمەوە. کاتێك وشەکان چاوتروکانەکانمان دەنووسنەوە، لاپەڕەکان دەبن بە خەڵەمۆشی گوێئەستێرەی نیگاکانت. من دەتنووسمەوە تا لە یادت بکەم. دەشزانم تۆ لە یاد بکەم، لە چاوتروکانەکانت ڕزگارم نابێ. من لە ژانەوە هاتووم و حەزم لە شەوقی شادییە. (چیایەکانی من، ل 10)

شاعیر، خانەخوێی ئازارە، بۆیە ئومێد بە خۆشی و سرەوتن دەخوازێت. بیرەوەری تەمەنێك لە کاروانی ژیان و هەنگاونان بۆ گەیشتن بە لووتکەی نیگاکانی خۆشیی، لە شعووردا، دەبن بە باگراوەندی ئەزموون و ڕێك تەمەن دەبێتە کێگەی نووسینەوەی هەموو دیمەن و هەوڵەکان لە مێژوودا. ئەم دەقە ئێپرایە لە کوژاندنەوەی فەرهەنگ و هەشبردنەوەی ئازایەتیی مرۆڤ. نووسینەوەی لە بەهاخستنی جوانییە، بۆ ژیان لە باوەشی جوانترینداً. بیرەوەری گەشتێکە مرۆڤ تووشی سەر ئێشە دەکات. زۆر جاری واش هەیە، تا گەورەتر بین، ئاچەکین بۆ دیمەن یان ڕووداو لە ئابردووداً دەبێتە بەشێك لە ژیان و پێمانەوە هەڵدەچێت. ماغوت دەڵێت: لەم ناکۆکی و ناڕێکییە چینایەتییەوە، فڕی نەفسبەرزیی و یاخیبوون بووم. بیرمە جارێکیان لە کاتی ناشتنی مردوویەکدا، بەگزادەیەك بە ئەسپێکەوە هات تا گەنم بۆ هەژارەکان هەبەژێت، منیش بەردێکم تێگرت، هەتا ئێستاش جێگەی قامچیەکەی بە گیانمەوە دیارە.3

هەبەتە یادەوەریی، بەشێکی نەمرە، بە بەژنی ژیانی بەردەوامی مرۆڤ، هەندەچێت، جاری واش هەیە دوای مردنیش جۆرێك لە یادەوەرییەکان هەمیشە زیندوون. بەڵام شاعیر دەیەوێت حەقیقەتێك، کە لە ناو بازنەیەکی قۆرخکراودا نامۆ کراوە، دووبارە لە ڕێگەی گۆرانەوەی مۆژووێك لە ئەرکی زمانێکی دەروونیی بکاتە شۆڕەسوارێك و پەیامەکە بگەیەنێتە ناوەندی ئاگاداریی و بیستنەوە. گەڕەکیەتی لە ڕێگەی ئەم کەرنەڤاڵەوە حەقیقەتێکی فراوەژوو ڕاست بکاتەوە. کەواتە مۆژوو ترسکە تاهەتایە لە بیر ناکرێت، ناکرێت مۆژوو، وەك خۆی قسە نەکات.

من تۆ بۆ ناخی مەرگ ئاوەڕا دەکەمەوە. کەواتە من هێشتا لە ژیاندام. لە ناو ناخی هەستدا گیردەم. لە ناومدا بوون دەلەرێتەوە. (چیایەکانی من، ل 45)

مانا فەزیلەتێکی گەرمە لە جەستەی تەی شیعردا، شیعر کچ ئاسا دەکەوێتە سەمای سێکسبازییەوە، بۆ ئەوەی مەبەست بەدەستەوە بدات. شاعیر لە تەنگترین دووڕیانی هەڵپەساردنی مانادا، بەدوای جوانترین و حەقیقەتریندا دەگەڕێت. عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا دەڵێت: لە گەمەکانی مانا و گومانەوە فەزایەکی شیعریی دەکرێتەوە، کە ئاڕاستەی ئەزموونەکانی بەرەو (هەڵوەشانەوە و وێناکردنی جیاواز) دەبات، ئەوەش یەکێکە لەو دیاڵێگە شیعرییانەی، کە چەمکی ڕەشبردنەوە لە ڕێگەی ڕەگەزە هاوبەشەکانیەوە پێیهەڵدەبەستێت.4
هەندرێن گۆشەیەکی تایبەتی لە بنیادی نووسین بەرجەستە کردووە، کە هەمیشە زمانی تایبەت لە بنیادی تایبەتدا ڕەنگ و هونەری باشتر و چڕی تایبەتمان پێدەبەخشێت. ئەم جۆرە نووسینەی شاعیر، زمانی کەسایەتییەکی دیار و موکداریيە لە هەڵکشانی خاوەندارێتیدا. شاعیر، وەك هەمیشە بە زمانی یادەوەریی دەدوێت، بەڵام بە خەیاڵێك کوچەکانی مەبەستی ڕازاندووەتەوە، دەیەوێت زۆر جەسوورانە و واقیعیانە پێوەستمان بکات بە بابەتێکەوە، کە لە ڕابردووە، بەڵام لە هەناوی ئێستا پێویستییەکی فەرامۆشکراوە.
شاعیر لە تێکستەکاندا لە هەوڵی ئەوە دایە، شکەمەندیی و ڕەشبینیی لە ناو یەك بازنەی بەرپرسیاریەتی (ڕابردوو و ئێستا) کۆ بکاتەوە. پێی وایە بوون لە هەر شتێك، مادام بەگەن لە ئیرادە و بوونی هەر دۆخ و واقیعێك، ئەوا گەڕەکیەتی (شکەمەندیی)، کە بەشی ڕاستەقینەی ڕابردووە، جا لەهەر هەوڵ، تێکۆشان و بڕوونکدابێت، لە بەرانبەر هەموو ئەو نا شەرعییانەی بەرانبەر بە دۆزی شکەمەندیی دەکرێن لە ئێستایەك، کە بریتییە لە لەدایکبوونی دەقە شیعرییەکان بە دواوە،

زیندوو بکاتەوە و ھەنگی جوان و تەکانی ھیوا بداتەوە بەر ھەموو دیمەنەکان. لەم دەقەی سەرەوەیدا جەنگێکی ھەڵیساوە شاعیر لە خۆیدا دەدوێت. لەخۆیدا جەنگ خەڵق دەکات. شاعیر بە ڕاناوی (تۆ) کەسی یەکەمی تاك، ڕابردوویەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئاگادار دەکاتەوە. کەواتە تا گەیشتن بە لووتکەی ماف، ڕاستی و ھەموو پیرۆزیەکان، جەنگ بەردەوامە. شاعیر لە ناخی خۆیدا بە ڕووی پەیامێکدا وەرمان دەچەرخێنێ. ئیتر ئەوە شاعیرە، وەك ئەلتەرناتیڤێك خستووەتە بەردەم دادگەی بۆیار و گەیشتن بەوەی (ھەش) بسووتێنین، بۆ ئەوەی بۆیار بدەین چیتر نەمرین. پێی وایە مادام بوونمان ھەیە، کەواتە دەبێت لە پێناو شکۆمەندییدا بە شکۆمەندی نەمر بین. شاعیر دەڵێت:

ئێستا ھەرچیم بە یاد بێتەوە، دەینووسمەوە. ھەستدەکەم بە تشتێکی نەناسراوەوە دەرگیرم. لێ تا ئەو کاتەی خۆم لە دەست نەداوە، ھەست بە تەنیایی ناکەم. دەمێکی تر ھەموو چاوتروکانەکانی ئەم ئێستایە دەچنمەوە، کە خەریکە لە دەست دەچن. ئەگەر دەمزانی قەدەری من ئەوھایە، قەت لە دایك نەدەبووم. لێ نەدەبوو لە دایك نەبم. گومان لەگەڵ ئاوەزدا، دووانەی یەکترن. گومانێك قووت دەدەم کە گومان نییە. تۆ کە ھێشتا تەنیای، تێمدەگەیت. من ماندووم. کەمێکی تر دەبێ دەست لەم جەنگە ھەڵبگرم. (چیایەکانی من، ل 62)
شاعیر لە ناخیەوە بە دوای ئەو چرایە دەگەڕێت، کە بۆ نووسینەوەی بیرەوەریی و مێژوو گەرەکە بە دەستی بێنێت. خەیاڵ سەرچێپێکێشکی تێلازە لە ناو ھەست و سیاقی نووسین و بنیادی دەقی شیعرییدا. شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵەوە توانیویەتی بگاتە جوانترین مەبەستی شیعریی و ھەستیارترین بابەت، کە بە شێوەیەکی خەیاڵیانە دەیانگێوێت. لە دانانی مەنیفێست بۆ واقیعی ئەو ژینگەیەی، کە لە یادەوەریی بە جێماون، بارێکە بەسەر ئەمانەتەوە، دەبێت ھەوڵ بدرێت مێژووی ئەم ئارامگەیە لە شکڵی مردووەدا دەرنەچێت بۆ نووسینەوە، بە پێچەوانەوەش دەبێت حەقیقەت بەیان بکرێت بۆ ئەوەی ھەموومان دەروون ئاسووەدە بین.
عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا دەڵێت: ئەوەی بە مەعریفە نامۆکانیان گەیاندین، ھەر تەنیا خەونی بێداریی نەبوو، وێنە غەریبەکان، وەك چۆن ھەڵگری فەنتازیا بوون، حەقیقەتیشیان پێدەبەخشین، لەو خەونەدا ڕووحەکانمان بە ھەموو سەفایەکەوە واقیعی خەونیان دەگۆڕی بە واقیعی مرۆیی.5
کەواتە فەنتازیا، یاخود خەیاڵ بە تەنیا ئەرك نییە بۆ چوونەوە ناو ونبوون و نەگیرسانەوە لە بێدادیی، بەڵکو فەنتازیا بوونێکی گرینگە

لە بنیادی جوانکردنی حەقیقەت و گەیشتن بە حەقیقەت. حەقیقەت یاخود هەر جەبرێك مەنتیق بابەتێکی ڕووتە و بڕینگ دەچێتەوە لە خاکی سارای تۆڵامانی مرۆڤەکاندا. بۆیە ناگەین بەهیچ حەقیقەتێك و ئامانجێکی مەعریفیی و هۆشنبیریی، تا هەش نەبینین، ئەمە لە هەشچوونەوەی نیشتمانی شتەکاندا، دەتوانین بگەڕێین، تا ئەوکاتەی لە شوێنی هەڵوەستدا لەنگەر دەگرین، ئەو کاتە تەترە بە هەنگ و بە زەنگ دەکەین. ئەوە نییە گەزنگ لە باوەشی هەشترین تاریکییدا تەترە دەبڕێت، ئیتر هەر وایە، دیمەنەکان بەردەوام دووبارە و چەندبارە دەبنەوە، بۆیە بەردەوام فەنتازیا ئەرکی قورستر دەبینێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە گۆشەی وەستاویی ڕووت نەمێنێتەوە و هەمیشە لە ڕوگەی خەیاڵەوە، دەرك بە تاریکیی، ماندووبوون، جوانیی و ڕووناکیی بکات، چ وەك دیاردەیەکی سروشتی لە ژیانی مرۆڤ بەردەوامی دەبڕێت، چ وەك هەمزشکانەوە و ناونانی بۆ شتەکان لە ژیانی مرۆڤدا ئەرك دەبینێت. شاعیر بەدەم هەموو ئەو ئازارانەی دەیبینێت، دەیەوێت ئاوێنەیەك بێت و داهاتوو لەم ئاوێنەیەدا ڕابردوو ببینێت. شاعیر ئەگەرچی لە شیعردا بۆگە بۆگە بە کۆڵانەکانی بیرەوەرییدا دەڕوات و هەدادان و هەناسە لێنیشتوو، لەگەڵ هەموو هەشبردنەوەکانیدا دەیەوێت بیرەوەریی بکات بە مەرگ و بیخاتە بەرگی شەرمەزارییەوە، بەڵام شاعیر لەم هەوڵەیدا دەیەوێت لە تاریکییدا لە گوێترین ڕوگەدا دەستمان بگرێت، نەبادا بکەوین و فێی ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتیی و بینینمان بۆ هەموو شتەکان بمانگرێت.

شاعیر لەم کۆشیعرانەیدا بەدەم ململانێیەکی واقیعیانە و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەعریفیانە، بیرەوەریی دەکاتە ئامانج بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی ڕاستی و ڕابردوویەکی شەکەت بۆ مسۆگەرکردنی ئێستامان. واتە شاعیر لە گۆڕانەوەی بیرەوەرییدا، ئێستامان لە بەردەم چەقێی ژەنگاویی ڕزگار دەکات. عەبدولموتەلیب دەڵێت: خەونی بۆداریی هەڵگری شتە غەریبەکانە، لە ئەزموونی کابووسەوە هەڵدەقوڵێت، لێرە نزیکایەتییەك لە نێوان ڕاو بۆداری و ڕووحی بیرکەرەوەدا هەیە، زەمەن لەهەرسێکیاندا بە هێمنی هەنگاو دەنێت، زەمەن قووڵ دەبێتەوە و یادەوەرییەکان بە وێنە دەگەیەنێت، بەو مانایە خەونی بۆداریی، بە جیهانی شیعردا دەڕوات. خەونی بۆداریی خەونی شاعیرانەیە و تێکەڵە لە وێنە و فیکر.6

ڕابردوو، پەروەردەیەکە بۆ ژیان و سەروەری دەمێنێتەوە. واتە لای هەندرێن، ڕابردوو وەك بیرەوەریی چەند گرینگە؛ داهاتووی مرۆڤەکان، کە بەرهەمی هەموو ئەو ئازار و مەینەتیانەن زیاتر گرینگە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەك لەسەر خێشبەختیی و پەروەردەی فیکر، خوویەکی ئازا و شکۆیەکی باڵا بکەوێتە ڕوگەی بوون و مانەوە. هەڵبەتە لە وێنەی

دەقەکان (شکۆ) وەك پێوەرێك بۆ هەمیشە مانەوە، هۆنگی بەخشیوەتە شیعرەکان و خەیاڵی شیعر بۆ دەرخستنی حەقیقەت و دیاریکردنی پێگەی هۆسنایەتی لە دروستبوونی شکۆ لە ناو شیعردا، هەمیشە بیرەوەریی دەچنێتەوە. کەواتە مردنیش بە شکۆمەندییەوە جوانە. گرینگە مرۆڤەکان کارێك بکەن دوای مردنیشیان هەمیشە بە شکۆمەندیی، بمێننەوە. کەواتە بیرەوەریی لەلا هەندرۆن، تەنیا بریتی نییە لە مژووڵك، بەکو گوناهکە بداڕە و دەبێت لە گۆشەی بێباکییەوە هەنگاوی لێهەبنێین بۆ ئەوەی دواجار لەخەیاڵدا ببنە وێنەی ئەو ڕاستیانەی، کە خەریکن لە ژێر هەترەشی ترس، یاخود بێئاگاییدا سەر دەبڕن. هەندرۆن لە لاپەڕە (85)دا لە شیعری (بۆنی دار گوێزیك لە هەناسەمدایە) دەڵێت:

لە بووکێکی ڕادا،
خەون دەبینێ.
شوون پێی کۆوەکانە:
یادەوەریی تراویلکەیی تێ.
ئێوارەیەکی نیلەفەری و
دەریاچەیەکی وەنەوز گرتوو،
وەك ئەو کێترەی
کە کۆڵك بدەنگ ئاشقت بوو،
وەرە بەفری ئەو ئاسمانە فەرامۆش نشینە
لەسەر لاجانگەکانمدا بسڕەوە:
ئەی دڵە مۆرەکەی یادەوەری!

هەندرۆن کۆوەی دەمەو ئێوارانی درەنگی پاییزە، دادەبارێتە سەر جەستەی چیای ئەزموون و کۆشکی بیرەوەرییەکان. سەمای گەڵایە لە نووسینەوەی مژووی درەنگی پاییز. تامارگەیەکە دەیەوێت تەنانەت هەوڵی چرپەی هەوەرینی گەڵا و خڕەی بەردی لەبن پێدا ڕێشتووی بەردەڵان و تاوێرەکانی چیا تۆمار بکات. شیعر نەشمیلترین ماڵە، کە بیەوێت تێیدا خەیاڵ بکات و بتوانێت بیرەوەریی لە جەستەی وێنەی شیعرییدا گومان دابمالێت و حەقیقەت، وەك خۆی ئایندە ڕۆشن بکاتەوە. سەباح هۆنجەر دەڵێت: شیعر پێویستە هەمیشە لە سەرەتاوە تەماشا بکرێت و باس بکرێتەوە، دوو دیوی بەرجەستە نەکراوی هەیە، ئەم شاعیرە ئەمڕۆ لەگەڵمان دایە و شاعیرێکی زیندوو و داهێنەرە، سبەینێش نەمرە و لە گەڵمان دەمێنێتەوە.7 بیرەوەریی، بەر لەوەی ببێتە وشە، دواتر بگە و دەربڕین، جوانترین بەیانی شیعرە لە هەست و شعووری مرۆڤەکاندا، بەڵام لە خوێندنەوە و خەیاڵکردندا شاعیران دەرکی کاریگەر و بینینی ناسکتریان هەیە بۆ ئەداکردن و بە

ئەدەبکردنی خەیاڵ و بیرەوەری ئەزموونیی و خولیایيدا. کەواتە هێزی شیعر ،سەنگەر و قەڵای مانەوەیە بۆ نەمریی. بۆ ئەوەی تاهەتایە، وەک نالی، حاجی و ئەنوەر … تاد، بخوێندرێیەوە. شیعر ماڵباتێک نییە بۆ نیوەخوانێک بۆ چەند ساتێک جەم بین، بەکو شیعر نووسینەوەی هەموو تەمەنە.

کەواتە نابێت شیعر بۆ مەبەست ئازار بدرێت و لە ڕێگەیەوە هەموومان بمرین، نا!! دەبێ ڕێژەک دابێت هەموومان لە ڕێگەی شیعرەوە ئازاد بمرین. سەباح ەنجدەر دەڵێت: ئەوەی لە ئێمەی نزیک دەکاتەوە خەیاڵی تایبەتی دەقەکانیەتی و داهێنانیش دواخستن قەبووڵ ناکات.8 بیرەوەریی، بەشێکی گەورەی بنیادی و مووچەک دانی خەیاڵە لە هەستی شاعیران و ئەدیباندا. شاعیران، تا خەیاڵ نەکەن نازانن بنووسن، چونکە بنیادی زمانی دەقی کاریگەر و سەرکەوتوو لە ژێر هەژموونی خەیاڵەوە ئافەریدە دەبێت و سەرئەنجام وێنەی ەنگاوەنگ لە جەستەی شیعردا دەبنە کاڵکە زێێنەیەکی بابەتیی و هەستیار. هەندرێن لە لاپەڕە (77) ی شیعری (گازێک لە هەرەمی ووحەوە) دەڵێت:

ئەی من، دوا دەستی رووح و
دوا نەیاری دڵانەکان،
نوتقی ئەو چڵەکانە کۆ بکەوە
کە حوزنی بەماڵیی بۆ نیوە شەوێک دەچێن.
ئەی پەرتەوازە بوو لە نێوان تاراوگە و بێدەنگی چیایەکان،
کە:
کە خۆکوژییەکی لێوانڕێژ لە ئامان
لە ناوتدایە.
بارانێکی شکۆدار،
گفتو گۆیەکی باڵدار
گازە تریفەییەکانی رووحت دەنووستەوە.

ئەو خەیاڵەی لەم شیعرە هەست پێدەکرێت، سەرچوونی ئەو غەریبیی و دووریيەیە، شاعیر لە نێوان دوو ژینگە، ژینگەیەک پێیەتی لە بیرەوەریی، پاشخانێکی شکۆدار و پڕ سەروەریی، ژینگەیەکی تر مانەوەیە لە نیشتمانێک تاهەتایە هەست بە غەریبیی دەکات. هەبەتە شاعیر لە نێوان بیرەوەریی و تاراوگەدا، تاسەی غوربەت و دیدار هەدەگرێت، بەڵام شاعیر دەیەوێت لە کەرنەڤاڵی خەیاڵدا بەدوای نووسینەوەی ژیان و ئەزموونە زوڵمڵکراوەکاندا وچان نەدات، تا دەگاتە سەری کانی بیرەوەرییەکان. لەم دیتگەیەدا، هەموو ئابردوو، کە لەم دیوانە شیعرییەدا لە فوارەی بیرەوەریی بۆق دەکەن، دەبێت دواجار لە شکلی سیستەم و حەقیقەتی خۆشگوزەرانیی خەڵک و مێژووی گەلێک ببێتە ئاوێنەیەکی بچکۆلە لە گیرفانی

هەموومانداا، بۆ ئەوەی هەموو جیهان بە ئابردوو و داهاتووەوە لەم ئاوێنەیەدا ببینین.

لە پووختەی دیوانە شیعری چیایەکانی من، هەنگاو هەڵگرتنە بەرەو حەقیقەت، گەڕانە بەدوای ویژدان لە ئێستادا لە مەنیفێستی ئابردوو (بیرەوەریی). چیاکان هەمان بۆ پیاوبوون و هەنگینکردنی نیشتمان لە ئاکامی ماندووبوون و تێکۆشاندا. ئەم دیوانە دەزینەوەی بزنەڵی هەڵزنانە بۆ گەیشتن، نووسینەوەی پیادەڵی سەر پشتی گەڵای درەنگی پاییزانە بەرەو لووتکە، کووتەك شکاندنی بەفری لەرزە و ترسە بەرەو هیوا، هەڵدێنی سنگی شەوە لە سمکەڵکردنی تاریکیی. ئیتر پێمان دەڵێت: مێژوومان پڕە لە سەروەریی و گەرەکمە ئێستاتان بە جوانیی بۆ بنووسمەوە.

ژیان وەك کەشتییەکی وێ، بە بەرچاوی کەنارە کەنفتەکانەوە ئادەبوورێ.
دەنگێك لە گەرووی یادەوەرییەوە، وەك لمێکی خوێناوی،
بانگت دەکا، دەتدوێنێ.
درەختەکان دەبنە چیا و لێت دەئاڵێن.
هەندرێن، چیایەکانی من

پەراوێز و سەرچاوەکان:

*ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە ژمارە 3ی گۆڤاری کەلێن بڵاوکراوەتەوە.

1. ماغوت، محەمەد، من ترس ێحی سمیوم، و: شوان ئەحمەد، چ2، سلێمانی: ئەندێشە، 2016، ل 37.
2. ماغوت، محەمەد، من ترس ێحی سمیوم، و: شوان ئەحمەد، چ2، سلێمانی: ئەندێشە، 2016، ل9-10.
3. ماغوت، محەمەد، من ترس ێحی سمیوم، و: شوان ئەحمەد، چ2، سلێمانی: ئەندێشە، 2016، ل 37.
4. عێبدوڵڵا، عێبدولموتەلیب، زمان، بوون، شیعر، هەولێر: موکریان، 2010، ل 88.
کارکردن و پێکهێنانی کەمیتەی هاوپشتی لە بزوتنەوەی کریکاری عیراق. جگەی ئاماژە پێکردنێ ئەم کەمیتەیە لەلایەن کۆمەڵێک هێزسوڵاوی کەمۆنیستەوە بەر لە پێکهێنانی حزب پێکهات، کەدواتر بە کردەوە بووە یەکێک لە دیارترین ئەو ئورگانانەی کە حزب گرنگیێکی زۆری پێداو زۆربەی کارەکانی لەلایەن ئەندامان وهێزسوڵانی حزبەوە ئەنجام دەدرا. ئەم کەمیتەیە لەماوەیێکی کەمدا کارو چالاکیەکانی لەو قۆناغەدا دەنگدانەوەیێکی زۆری بەدوای خێیدا هێناو بووە ئومێدی زۆرێک لەو کەسو کەمەڵە چەپ و کەمۆنیستیانەی کە لەو سەردەمدا کاریان دەکرد. ئەم کەمیتەیە بەاوکراوەیێکی کوردی زمانی هەبوو کە تا حەوت *6 ژمارەی لێدەر چوو، هاوکات دەیان راگەیاندنی بە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی و کوردی بەاوکردەوەو لەوقۆناغەدا بەرچاوترین وەسیلەیێک بوو کەهەنگاوێکی جدی نا بە دروستکردنی پردێک لەنێوان بزوتنەوەی کرێکاریی عەراق بەجیهانی دەرەوە. کە لەو سانەی هێزسورانیدا لە ئاستیکی زۆر بەرچاودا پێوەندی لەگەڵ زۆرێک لە نەقابەکریکاریەکان وهێزسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری ئەنجامداو بەبەردەوامی پشگیری کەمپەین و کاروچالاکیەکانی کەمیتەیان دەکرد. ئەمش بەیەکێک لەسەروەریکانی ئەم بزوتنەوەیە دەزانرێت لەو قۆناغەدا کەهاورێبوار ڕەبوار ئەو کتێبەی لەسەر نووسیوە.

جیاواز لە دەوری کەمیتەی هاوپشتی، هاوکات بەشداریکردن لە یەکی

ئایارەکاندا سونەتەکی جەکەوتوو بەردەوامی تەشکیلات و هەسوراوانی حزب بووە بەبەردەوامی. کە زەرجار حزورو ئامادەیی ئەمە بووتە جگەی سەرنجی خەڵک و دەزگاکانی راگەیاندن لەم وڵاتانەدا. نموونەیەکی بەرچاوی ئەم حالەتە بەشداریکردنی تەشکیلاتی حزب بوو لە شاریکی فینلاندا بە ناوی هەمیلیناوە لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا کە ئەوساڵە توانیمان بگشتی هاوزمانەکانی خەمان قانع بکەین بە بەشداریکردن لەو رێپەوانەی یەکێی ئایاردا. کە بەشداریکردنمان بەجۆرێک بوو تا نزیک بە مانگێک دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو دەڤەرە باسی حزورو بەشداربوونی کومەنیستە کوردەکانیان دەکرد لەم شارەدا، کە جەمسەربەندییەکی زەرجەدی بەدوای خویدا هێنا، لەلایەک چەپ وکەمەنیستەکان کەوتنە داکۆکیکردن لەدەخالەت و بەشداری ئەمەو لەلایەکی تریشەوە ڕاسیست و نەژادپەرستەکان هاواریان لەهەساو نیگەرانی گەرانەوەی تارمایەکانی مارکس و سونەت و هەمایەکی چەپ و رادیکال بوون. هەر دوو ساڵ دواتر لەکاتێکدا کە هاوڕیانی ئەمە لە فینلاندا لەسەر اعدام کردنی یەکێک لە دیارترین هەسوراوە کریکارییەکانی ئێران بەناوی ''جەمال چراخ وەیسی'' لە کاتێکدا کە چەند نەقابەیەکی کریکاری نامەی نارەزایەتیان ئاراستەی سەفارەتی جمهوری ئیسلامی کردبوو هەروەها یەکێک لە نەقابەکان بەنەقابەی کریکارانی بیناسازی نامەکەیان لە ڕۆژنامەکەی خەیاندا بەاوکردوە کە دواتر بڕادەیەک سەفارەتی نیگەران کردبوو کە بەفەرمی هەوە و کەمپەینەکەی ئەمەیان بەرپەرچدایەوە و خوازیاری پاشگەزبوونەی نەقابەی کریکارانی بیناسازی بوون.

بەهەمان شێوە بەشداریکردنی ئەمە لەیەکی ئایاری شاری هێلسنکیدا، بووە جگەی سەرنجی هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندن و یەکێک لە ڕۆژنامەکان بەناوی ڕۆژنامەی میترەوە کە ناسراوترین پەتیراژی ڕۆژنامەی شاری هیلسنکییە دەنووسێت ''کەمەنیستەکان مارکسیان گەراندەوە فینلاند، لەسەر پلاکارتێکی گەورە نووسرابوو: ئەمڕۆ جیهان لەهەموو سەردەمێک زیاتر پێویستی بەمارکسە.''. ئەمە جگە لە پێوەندی بەردەوام بە نەقابە کریکارییەکان وبەدەستهێنانی پشگیری بەردەوام لە ڕووداوەکانی نێوخەی عێراق وکوردستان و ناردنی نامەی نارەزایەتی بە حکومەت، بەنموونە لەپێوەند بە گەمارۆی ئابوری، ئازادی زیندانیانی سیاسی، پشێلکاری ماف و ئازادییەکان، تووندوتیژی و تیرۆر نامەسپەرستی، لەدانی حزب، ڕێگری لە ئازادی بیان و ڕادەبرین، مەسەلەی مافەکانی پەنابەران... کە دیارە ئەمە شێوازێکی خەباتی سیاسی ئیمە بووە کە تەنیا تایبەت نەبووە بە فینلاندەوە، بەڵکو لە زۆرێک لە وڵاتانی استرلیا، کەندا، وڵاتانی

ئەوروپاو هەندێک جاریش تورکیاو و یەنان دەیان جار ئەو لایەنانە بەشەوازی جیاواز هاوپشتی خەیان راگەیاندوە.

بواری بزوتنەوەی ژنان

هەروەک چەن مەیدانی بزوتنەوەی ژنان یەکێک لەگرنگترین و سەرکیترین مەیدانەکانی هەسوانی حزب و بزوتنەوەی کرێکاری بوو لە کوردستان، بەهەمان شێوە لەگەڵ هاتنە دەرەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لەهەسوراوان دەستبەجێ لەم مەیدانەدا دەست بەکاربوون و لەماوەیەکی زەر کەمدا هەسوەاوانی ئەم بزوتنەوەیە لە ئاستێکی باڵاو بەرچاودا لە هەندەران دەرکەوتن و چەندین جار بوونە جێگەی سەرنجی دەزگاکانی راگەیاندن و ناوەندی داکوکیکردن لە بزوتنەوەی بەرابەری ژنان و پیاوان، هەربۆیە لەمبارەوە هەسوراوانی ئەم بوارە بەدروست گرنگیەکی زەریاندا بە راوەستانەوە دژ بەهەر نەریتێکی کۆنەپەرستانە لەنیویشیاندا بەشەویەکی چروپڕتر مەسەلەی تیرەری ژنان و ناموسپەرستی؛ چ لە پەیوەند بە رووداوەکانی ناوخۆی کوردستان و چ ئەوانەی کە لەم وڵاتانەدا رووبەدا.

لەمبارەشەوە ژمارەیەکی بەرچاو لەهەسوراوانی ژن لە هەندەران بوونە کەسایەتی دیارو لە شوێنی کارو ژیانی خەیاندا، رەنگی بەرچاویان دەگەڕا. ئەم جگە لەوەی کە چەندین کەمیتەو رێکخراوەکانی ژنان لەم وڵاتانەدا دروستکران و بەردەوامیاندا بەکارەکانیان. بە ئەم مەبەستەش دەیان کۆرو سیمینارو پانێڵ ئەنجامدراوە. هەروەها بەشەویەکی گشتی هەسوراوانی ئەم بزوتنەوەیە دەورەکی بەرچاومان گیراوە لەبەرپاکردنی مەراسیمی رۆژی جیهانی ژن 8 مارس، لەو قۆناغەدا هەندێک لەمەراسیمەکانی هەشتی ماس 200 بە 300 کەس تیایاندا بەشدار دەبوون کە ئەمە لە ئاست ئەم وڵاتانەشدا دەکرێت بەتین چالاکی و جوڵانەوەی بەرچاون و کەی ئەم کارانە لایەکیتری درەخشانی هەسورانی حزبی ئەمەیە کە وەک میژوو زەر گرنگ بوو هاورە رەبوار ئاوەی لە بدانایەتەوە!

دروستکردنی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عەراقی

ئەگەرچی دروستکردنی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەران وەک وەستگەیەک هاوکات بوو لەگەڵ رووخانی ملیۆنیەکەی 91دا، بەڵام لەبەر کەمی ژمارەی هەسوران و قورسی ئەرک و کارەکانی ئەم بوارە بەناچار تا دوو ساڵ دواتریش دواخرا. تا دواتر لە گەرمەی پەکهەنانی حزبدا، هاوکات پرۆژەی دروستکردنی فیدراسیونیش زەر جدیترو عەمەلی تر هاتە

مەیدان. بەپێی لێهاتنگاوی یەکەمدا ئەم هێزەکخراوە پاش دروستکردنی سێ شورا لە تورکیا، فینلاندا، سوید دەست بەجێ کۆنگرەیەک ئەنجامدرا بۆ دروستکردن و راگەیاندنی فیدراسیۆنی سەراسەری کە پێکهاتەیەک بوو لەو سێ شوراییو ژمارەیەکیتر لە هێزسوران لەهاندەر وەاتی ئەوروپادا. کە ئەم ریکخراوە توانی دەورەکی بەرچاو بگێرێت لە ناساندنی بزوتنەوەکی دیار لە کادرو ئەندامانی حزب لەم وەاتانەداو بەمانایەک دەورەکی زۆر ئیجابی هەبوو تەنانەت لە ناساندن و محبووبیەتی حزبیشدا، بەتایبەت لە تورکیاو وەاتانی ئەوروپادا. هەربۆیە فیدراسیون توانی کاریگەریەکی یەکجار گەورەی هەبێت لە ژیانی پەنابەران و هاوکاری کردنیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکانیان.

جگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەک بکەین بۆ گۆشەیەک لە کاروچالاکیەکانی فیدراسیون کە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی پەنابەران وتەنانەت بۆ پێردە هێماین لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و دژ بە شەرو کوشتاری نێوان حزبەکان و دژ بە لەشکرکێشی حکومەتەکانی ناوچەکە بۆ کوردستان، دژیان نارەزایەتی و خۆپیشاندان بەرپاکراوە. تەنانەت دواجار ئەم ئورگانە توانی بۆ یەکەمجار لەم وەاتانەدا خۆپیشاندانی هەزاران کەسی ئەنجام بدات بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی پەنابەران، بە نموونە لەهوڵەند و سویسرا هێژەی بەشداربووان لەم خۆپیشاندانانەدا گەیشتە دوو هەزارو سێ هەزار کەس، بەرپرس و رابەرانی ئەم ئورگانە دژیانجار کێبوونەوو دیداری ئورگانە نێودەوڵەتیەکانی لەچێشنی یوئین، ئەمنستی، تەنانەت وەزیرو وەزارەتەکانی ئەم وەاتانەی ئەوروپا ئەنجامدا .دەرکەوتنی چەند هێزسوراوەکی فیدراسیون کاتی لەدانی عێراق ساڵی 2003 لە ئاستی ڕابەری بزوتنەوەی دژی شەڕی ئەم وەاتانەدا. نموونەی هێزسوراوانی حزب لە فینلاند کە لەگەڵ چوار هێزخراوی تردا دەستپێشخەری دروستکردنی شەبەکەی دژی شەڕ ڕاگەیانرا کە دواتر هەمان شەبەکە زیاتر لە 70 حزب و ریکخراو نەقابەی کریکاری تیدا بەشداری کردو کاتێکیش کە کۆنگرەی نیونەتەوەی ئەم شەبەکەیە بوو لەبەریتانیا لەساڵی 2004دا ریبوار عارف بە نوێنەرایەتی فینلاند تێری دژی شەڕ لەم کۆنگرەدا لە لەندەن بەشداریکرد.

دەکرێت بڵێن هەر لەو مێژووەدا فیدراسیون دژیان و بگرە سەدان کێبوونەوو خۆپیشاندان و مانگرتنی لە وەاتانی ئەوروپاو تورکیاو استرلیا بەرپاکرد کە کاریگەریەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر ژیان و ئایندەی پەنابەران لەم وەاتانەدا. لەهەمان کاتدا فیدراسیون

لەبواری راگەیاندنیشدا لەسەرەتای دەست بەکاربوونیەوە هەوێدا کە بەناوکراوێک وەک بنەڕەتێک بۆ پەرەپێدانی ئامانج وکاروچالاکیەکانی خۆی دەربکات و لە زۆرێک لەو وڵاتانەی کە فیدراسیون نووسینگەی هەبووە بۆناوکراوەتەوە. کە بەکێ گشتی نزیک بە 100 ژمارە کە زۆربەیان بەدوو زمان دەرچوون، لە چەند خولی جیاوازدا بۆناوکراوەتەوە. کە چەند خولێک بۆناوکراوەکە بۆناوی هەوڵنامەی فیدراسیونەوە دەردەچوو دواتر بۆناوکراوەی سیکۆلار کە 4 ژمارەی لە بۆناوکرایەوە. هاوکات سەدان راگەیاندن لەسەر رووداو بابەتگەلی جۆراوجۆر لەو میژووەدا دەرچوون. جگەی خەبات لەڕەدا ئاماژەیەک بکەین بۆ ناوی بەشێک لەو هاورێ و هەسوراوانەی کە لە چەندین وڵاتدا لەنێو فیدراسیوندا چالاکانە کاریانکردووە کەسایەتی خۆشەویست و دیارو بەڕێستەیان تیدا هەیکەوتووە کە هەسورانی بەشێک لەو هاورێیانە کاریگەریەکی زۆری لەسەر محبوبیەتی حزب هەبووە… کە ئەمەی لەڕەدا ئاماژەیان پێدەکەین بەشێک لەو هاورێیانەیە، کە بەداخەوە ناوی هەموویانم لەیاد نییە.

هەلەند، ابوبکر ئەحمەد سلمان، عبدالله علی،' رێناس عارف، رزگار رەحمان، عماد، حەمەغفور؛ شەماڵ سور، عەدنان، فەریدون حەمە ساڵح، مەریوان رحیم، جەلال سەفی، کامەران ئەحمەد، سویسرا، ئاسۆجەبار، جەمال کەشش، جوتیار رانیەی، ئەحمەد عەلی، فواد عزیز، مامەستا عەلی، تحسین کەریم، توفیق مەحمود، فاتمە ئەحمەد، خالید ابراهیم حەمە، عەلی ریژنە، هیمن، لوقمان رشید، سەردار، ستار سعید…؛ سوید، بەختیار مستەفا، نوری کریم، ئاسۆ گەران، بابان، ئەنور، هەڵاڵ، بکر، رەعد سلیم، کامەران، جەمال چاوشین،؛ ئەلمان، ناسح، حسن گومبی، ستاری چیمەتنە، عرفان کریم، سالح گویلە، نوردین، بەکر؛ ئاریان، بکر، عادل کریم، مەریوان ئەحمەد، سالح کویلی، گەشاو رەحیم، ئاری کریم، بریار سعید، ئەمیر عەزیز، ئاودیر مەحمود، حمید البەری؛ دانیماریک، هیدایەت مەلا عەلی، سوریا؛ بەریتانیا، دەشتی جەمال، نوری بەشیر، لوقمان، حسن ئەحمەد؛ ئومید حەمەسالح، تورکیا، رینوار جەبار، جەمال ئەیوب، وەستا سابیر، کاروان، ئاشتی، مەحموی حەلاق، جان، ماجد حیکمەت، شاسوار ئەحمەد، ئاسۆ حەمەد، چیمەن حەمە نادر، جەودەت جمیل، سامان ئەحمەد، جمعە محمەد، فواد مجید، گولزار عەلی، هیوا ئەحمەد؛ یونان، مامەستا محەمەد، گەلاوێژ،؛ تەها حەمەڕەش، فینلاند، خالید سالح، وەسفی(دکتۆر ئەمین)، نازە، کەمال شوان، مستەفا باهیر، شوان، پرشنگ سالح، لەیلا، کەمال شوان، سروە حەویز، استرالیا مزەفەر عەبدوڵا، حسن، زینەب، عامر، حەسەن، دلاوەر منزیر، تەما، سوهام، کەنەدا جەلال سعید …

دوا وشە!

دواجار ئەوەی لێرەدا ئاماژەمان پێکرد دەتوانێت گەلانەوەیەک بێت بە ئەو مەژووە کە دەکرێت زۆرێک لە ئێمە لە سوونگەی بەرپرسیاریەتیەوە لێگەڕێ هەرجۆرە سەرنج و ڕەخنەیەکی بە ئاماندا هەنگاوێک بێت بە کردنەوەی دەروازەیەک لەووی چارەنووسی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و ئایندەیەک کە دەکرێت لە ڕێگەی دیالۆگێکی دەخالەتگەرانەی سیاسی پیاچوونەوەیەکی وردو بابەتیانە بکات بە ئێم دەخە چاق بەستووەی ئێستەی ئێم بزوتنەیە، کە ئەویش تەنیا لە ڕیگەی بە ئامانی سۆشیالیستیەوە. بەیە جگەی خیانەتی بەدەر لەهەرجۆرە دەرمارگیریەک هاوڕیانێکی تریش، بەوانشەوە کە ئێستە بەهەر دەلیلێک لە ڕیزەکانی حزبدا نەماون و یان تەنانەت خۆشیان بەنیاری سیاسی دەزانن، لەهەرئاستێکدا کە بگونجاوی دەزانن ئاورێک لێم باسە بدەنەوەو بیکەنە سەرەتایەک بە دیالوگێکی بنیادنەرانەو لێبراوانە لەپیگەی حزب و لێمش گرنگتر چارەنووس و بەرژوەندی چینایەتی و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کریکاریی لە کوردستان و ناوچەکەدا!

هاوڕیان کاتی ئەو هاتووە ئێم گەمە مەنگە بشکێنرێت، ئاخر بارودۆخی ناوچەکەو جیهان بەشیوەیەک شپرزو پر کارەسات و ووداوی چاوەڕوان نەکراوی هەناوەتە گۆڕە بە دوری مەزانن ئاراستەی ئاوگەڕەکانی جیهان لەبەربەریەتێکی ترسناک زیاتر نزیکمان بکاتەوە. بەیە پرسیارەکە ئەویە کە ئاخە سوشیالیستەکان لە زەلکاوی ئێم جیهانە پر ستێم و نابەرابەریەدا چی لەخیان رادەبینن و چۆن سەیر ئایندە دەکەن و بە چ شتێک خیان ئامادە دەکەن … بەهەرحاڵ من جارە لێم دوێانەدا ڕادەوستم و چاوەروانی دەخالەتی ئەوەو هەوڵستی هاوڕیبوار ئەحمەدم!

تێبینی/ لەپەنای هەردوو باسی فیدراسیون و عیراقیەکانی ناو کۆمەڵدا ناوی نزیک بە 140 هاوڵێ هاتووە، زۆر داوای لێبوردن دەکەم، لەوەی کە دڵنیام هەڵسوراوانێک کە لێم دوو بواردا کاریان کردوە زۆر لێمە زیاترە، بەڵام حافزەی من ئەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستادایە هەر ئەوەندەی وەبیرهێناموە. هاوکات ئەوەش بڵێم کە تەماڵکردنی ناو کۆساتیەکانی هەر بزوتنەوەیەک وەک مەسەلەیەکی ئەرگۆمێنتی لە گەڵێک ڕووەوە کارەکی گرنگ و پێویستەو نابێت فەرامۆشیان بکەین!

---

*_1 سەیری لیستی ناوی کۆمۆنیستە عیراقیەکانی ناو کۆمەڵە بکەن.

2_ * نامەیەکی مەنسوری حکیمەت بۆناونیشانی ''حزبی عێراق وپێویستی رابەری کۆمۆنگۆ''
3_ * نامەی کۆمیسیونی ئەندامیەتی بۆ واژەی هاورێ ئاسغەری کریمی.
4_ * ناونیشانی وتارێکی ئەمەیە کە لە رۆژنامەی هاوکاتی دا بڵاوکراوەتەوە.
5_ * ناوی بڵاوکراوەکە النشرة الاخباریە …
6_ * ناوی بڵاوکراوەکە هاوپشتی کرێکاری بوو.
7 _* ناونیشانی نوسینەکەم بۆ ناوی (پارتی گروپێک لە هەسوڵاوانی سیاسی ئادەستی ئێران کردەوەتەوە) لە بڵاوکراوەی هاوکاتیدا…
هاورێیانێک لەسەرەتای دروستبوونی فیدراسیۆنەوە تا ئەو مژووەی باسکراوە لە ئاستێکی کاراو بەرچاودا رۆلی دەخالەتگەرانەو گرنگیان بینیووە لە کاروباری ئەم رێکخراوەداو کارکردنیان بە من لەگەڵیان شانازیەکی گەورەبووە، کە ئەمانە بەرچاوترین لەو هاورێیانەن کە بەرپرسیاریەتیان لەئەستودابووە!
((دەشتی جەمال، مزەفەر عەبدڵا، ئاسۆ گەران، جەمال کەشش، جوتیار رانیەی، ئەحمەد عەلی، ابوبکر ئەحمەد سلمان، ئاسۆ جەبار، خالید سالح، وەسفی(دکتۆر ئەمین)؛ بابان، حسن گومبی، ستاری چیمەتنە، عرفان کریم، رینوار جەبار، هیوا ئەحمەد؛ مامۆستا محەمەد، زینەب، جەلال سعید))
لەگەڵ ئەم بابەتەدا زیاتر لە20 دەکیومەنتی پێیوەندارم ناردوە بە سەرنووسەری بەپێشەوە، بەڵەبەرچاوگرتنی حەجمی بڵاوکراوەکە خەی سەرپشکە لە ڕۆژی بڵاوکردنەویان.

کوردی هائیم و حەیران -8- …. هەمن عومەر خۆشناو

وەقتا کو ماڵ تە هەیە عالەم هەموو ل پەی تەیە
تو چ بژی گەتنا تەیە خودادارم چ غەم دارم
پشتر کوڵەکەی گەلەك جاران باسی بابی خەی بە کردبووم، سیمایەکی ئەو لە زەینم گیر ببوو، بە تاسەوە چاوەڕێ بووم بە دیداری شاد بم. مانگەك دەبوو هاتبوو نەمزانی بوو، وەختێ چووینە زیارەتی پیاوەکی کورتیلەی ڕەش سپی هاتە بەرایيمان، گەلەك کەیفی هات، منی بردە

نزیك خۆی لە سەرینگانە و بە تاسەوە پرسیاری دەکردن، هەر زوو پرس و باس هاتە سەر شاعیرانی کۆنی کورد، بە تامەزرۆییەوە دەیویست شتێك لەبارەی شاعیرانی کۆنی باشوور بزانێ، پاڵەی بوو بپرسە چیت لا هەیە بمدەرێ. بەڵام ئاخیری ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی چ بکەم نکارم هەڵنووسی نووسینی ئەستای باشوور بخوێنمەوە.

بەهەی پرسیارە زەرەکانی منداڵ، باس و خواس هاتە سەر باوکی. دەم 1910 یەو ئەوسا فرمێسکەکان سەرنەبابوون، تەوی سنوور نەچنرابوو، مەلا خەلیلی کەدی خەڵکی دەڤەری مووشی باکوور، بە خوێندن دەتە بادینان و لە دەوروبەری دهۆك دەگیرسێتەوە. چەند ساڵێك لەوە دەبە و خەڵك زەریان دەکەوێتە بەر دە و لێی دەکەونە تکا و ڕجا کە بمێنێتەوە، ئەویش تاقە فرمێسکێکی هەر لە "موش" بەجێماوە و سەرو حەدی شەی عرووسانیشە، ئەوندەی دەکا ناتوانێ ئەو بەیارە بدات و تا هەتا لە کەس و کارەکەی دابڕێ، بەیە بە فرمێسکەوە خواحافیزی لە خەڵکی دهۆك دەکات و بەرەو موش و گوندی کەدە دەگەڕێتەوە.
مەلا خەلیل دیوانێکی چاپنەکراوی هەیە و چەندین حاشیەی لەسەر کتێبە کۆنەکان نووسیوە و منداڵ و نەوەکانیشی ئەستا چرایەکی ڕۆشنی زانست زانیارین لە باکوور.

مەلا عەبدولهادی کەدی زەری باسی باوکی خۆی بۆ کردم، دەفتەرێکی لە باخەڵی دەرهێنا و دەیان شیعری خۆی و باپیر و باب و کاکی خۆی تێدا نووسیبوونەوە و حەزی دەکرد یەك یەکم بۆ بخوێنمەوە. ئەو وەك خۆی باسی کرد ئەمساڵ بەتەوە دەبەتە هەشتاو یەك ساڵ، خاوەنی زینێکی ڕەن و ساف بوو، فرمێسکە سەربەدراوەکانی ئابردووی هەموو لەبیر مابوو، زەرموشتاق بوو هەمووان هەڵگرێ، ئەو وەڵای ئەوی لەلای باوك و برایەکی خۆی "کە ئەستا تەمەنی 92 ساڵە" خوێندووە، بەڵام بەو تەمەنە پیرییەوە و لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا ئیجازەی زانستی وەرگرتووە.
لەناو ئەو بارودۆخی ئەستای تورکیادا مەلا عەبدولهادی گەلەکی خەم هەن، دەتگوت کانووی خەمانە، بە تاسەوە دەیویست بە بایان بکات، لەناو سارد و سەی و بەفر و بەستەڵەکی مەعنەویی ئەمەی باکووردا، ئەو بە هەناسەیەکی گەرمەوە دەپەیقی، لە ئاهی ساردی لەناو هەستی کرمانجانەدا وەها ئاوێتە ببوو، ئەو ڕووخسارە نوورینییەی ئادگرت و بە هەستێکی نیگەرانی و غەمباریەوە ئاوازی هەڵبەستەکانی دەهێنا و دەبرد، مرۆ بە خۆی نەبوو دەکەوتە حاڵەتێکی تایبەتەوە.

بەر لەوەی دوعاخوازیی لە بکەین، ئەو وەك هەموو کوردێکی هائیم و حەیران ئاواتێکی هەبوو بە قوناگی پێ لە هەنسك و بە چاوی پڕ لە

فرمسکەوە دەریبەی، ئەز وەها دفکریم کە ئەو فرمسکانە هەمان فرمسکی سەد ساڵ لەمەوبەری مەلا خەلیلی باوکن، بەنام ئەمجارە لە هۆشکەی دی و پاش سەد ساڵ فرمسکەکان هەر سەربەدراون و هەنسکەکانیش هەر ئاهی سەردیان بەسەردادەکرێ و چاویش هەر دوور دوور لە ئاسۆ دەڕوانن.

مندااڵانی کورد … ناوی حەسەن

ئەوە کێن ..
تۆ بڵێی ئەوە لە نەوەی ئیبلیس بن و
ئادەمتان فریو دابێ
تۆ بڵێی ئەوە هەژدەک لە هەژان
لەنەو حوجرەکەی خودادا
میزتان بە کتێبە پیرۆزەکاندا کردبێ
تۆ بڵێی ئەوە لە پاشماوەی بتە شکاوەکانی
سەدەکانی جاهیلییەت بن
تۆ بڵێی مەسیح بە بەیاری ئەوە لە خاچ درابێ
دەپەم بڵێن ئەوە کێن و
چ گوناهێکی هەندێ گەورەتان کردووە
تا بە هەیەوە ئاوا بەبێحمانە
لەبەهەشتی منداڵیتان وەدەرنرابن و
تا ئەبەد محکوم بە دۆزەخ بن
یان هەموو ژیانتان
هەر گریان و هەر فرمسک و هەر خوێن بێ
هەر خوێن و هەر خوێن و هەر خوێن
لەبەرامبەر ئەم جینۆسایدە و کوردکوژییەدا
دەبێ ئەو هەزە ئاسمانییە لە کوێ بێ
کە هەژانە ملیۆنەها مرۆڤی بێ چەکدادەن
ئەی ئەو ملپان و مشخۆرانەی
کە هەژانە بە دروشمە هەزاقوسەکانی
دیموکراسی و مافی مرۆڤ
لەسەر لاشەکانی ئەمە دەڵەوەڕن
چ دڕیەکی گەورە و

چ سەخافەتێکی گەورە و
چ شەرمەزارییەکی گەورەیە مرۆڤبوون …!

فێبروەری ٢٠١٨

سیاسی نەزان بەڵام … ئازا شوان

(جەرج ئوریل) دەڵێ:" لە سەردەمی ئەمەدا، شتێک نییە بە ناوی دوور لە سیاسەت، هەموو کێشەکان کێشەی سیاسین".. بەگومان سیاسەت بە گرنگترین پایەکانی دەوڵەت هەژماردەکرێت.. بە سیاسەتێکی ئارێنی و دروست دەوڵەتان بەڕێوەدەچن و دەتوانن بە ئاشتی و ئاسوودەیی لەگەڵ یەکتری دا هەبکەن و بژین.. هەر لە رێی سیاسەتیشەوە دەوڵەتان دەتوانن رێز و پێگەی باشیان لە نێو نەتەوەکان دا هەبێت.

لە ئەمەدا سیاسەت وەکو زانیارییەکی پێویستی سەربەخۆ، بە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و کەمەگا بە شێوەیەکی راست ودروست، لە زانکۆکانی جیهان دا دەخوێندرێ و کۆڵێژی تایبەتی زانیارییەکانی سیاسەت هەیە.. سااڵنە بە هەزاران خوێندکار لە جیهان دا لەم کۆڵێژانە دەردەچن و لە لقەکانی سیاسەت دا، خوێندنی باڵا تەواودەکەن و وەکو پسپۆر و شارەزایەکی سیاسی لە جمگەکانی دەوڵەت دا کاردەکەن.. وزیاتریش درێژە بە زانیاری و رۆشنبیری و شارەزایی سیاسییان دەدەن.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زانیاری سیاسی چەند گرنگێ لەم رۆژگارەدا، بە تایبەتیش بە ئەوانەی ئەم بوارەیان هەبژاردووە و سیاسەت بووە بە پیشەیان و بە مەیدانی کار و خزمەتکردنیان.. تا ئەو رادەیەی کە سیاسی بە پزیشکی کەمەایەتی و بە ئەندازیاری بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەزانرێن. سیاسی دەسەز و پسپۆر و شارەزا رۆژێکی تایبەتی لە لای گەلەکەی هەیە.

ئەوەی نەتوانێت، لە زانیاریەکان و لە هونەرەکانی سیاسەت شارەزابێت و نەتوانێت پراکتیکیان بکات.. یا ئەوەی رۆشنبیریەکی سیاسی ئەوتۆی نەبێت.. شایانی ئەوە نییە کە سیاسەت بکات بە پیشەی

و لەم بوارەدا کاربکات و خۆی بە سیاسی بزانێت.
لە ئەمڕۆدا لە کوردستانی ئەمڕۆدا، کەسانێکی زۆری نەزان و نابەدەد خەیان لە سیاسەت هەقورتاندووە و خەیان بە سیاسی ناودەبەن.. بەشێک لەم کێشانە کە سیاسیی نەزانانە خەیان گەیاندوێتە پایەیەکی بەرز و هەستیاری دەسەڵات لە باشووری کوردستان دا.. کەسانێکی ناسیاسی و ناهۆشنبیری هیچ لەبارن.. بەکو هی وایان تێدایە، کە سەرۆک و سەرژ لەمانجەڕێک دا بیکوەنێنیت، بەوانەکەم کە تێکۆشەرێک سیاسەتی لەبەتە بەرهەم.. چونکە هیچ باگراوند و زانیاری و شارەزاییەکی سیاسی و ڕۆشنبیریان نییە.

(جەرج برنادشۆ) دەڵێ:" ئەو هیچ نازانێت، وا هەستیش دەکات کە زۆر دەزانێت، کەواتە سیاسەت دەکات بە پیشەی"
زیادەڕەیی ناکەین ئەگەر بڵێین، ئەمانە شەرپەنجەی دەسەڵاتن و هەکاری ئەو هەموو نەهامەتی و قوربەسەری و شکستی و ماوەرانیانەن کە بەسەر گەلەکەمان دا هاتوون.. هەکاری ئەو هەموو قەیرانانەن کە ڕووبەڕووی کوردستان بوونەتەوە.. ئەمانەن کە چارنووس و داهاتووی گەلەکەمانیان خستۆتە مەترسییەوە.. خەڵکیان بە هیوا کردوون.. کورد وتەنیش:" بەردێک نەزان بیخاتە گەمەوە.. بە سەد زانا دەرناچێت"
(غەمگین کوردستانی" دەڵێ:" سیاسی نەزان، مەترسییە بە گەلەکەی، زیاتر لەو مەترسییەی کە دوژمنەکانی بە دروست دەکەن"
سیاسەتمەدار تا زیاتر بچێتە قووڵایی زانیارییەکانی سیاسەتەوە.. تا زیاتر خۆی ڕۆشنبیر بکات.. تا زیاتر شارەزای هونەرەکانی سیاسەت و گەمەی سیاسی بێت.. باشتر دەتوانێت کار لەم بوارەدا بکات و سەرکەووتووبێت.. بە پێچەوانەشەوە، تا نەزان و نەشارەزا و بە ئەزموون بێت، ناتوانێت ببێت بە سیاسی و سەرکەووتووبێت لە ڕاپەاندن و لە جێبەجێکردنی ئەو کارانەی لە ئەستۆی دایە.. تووشی دەڵان و شکستی و شەرمەزاری دەبێت.. زۆر جاریش ئەم ناسیاسییانە، دەستی چەوربوویان بە خەڵکی تردا دەسڕن و پاکانە بە شکستییەکانیان دەکەن و خەیان لە بتاوان دەکەن.. ئەم سیاسییە نەزانانە هەست بە ئاست نزمی و بێ بێتوانایی خەیان دەکەن، بۆیە رقیان لە ڕۆشنبیران و لە کەسانی خاوەن بەوانامەی باڵا و لە ئاکادیمی پسپۆر و لە سیاسەتزانانی بە توانایە.

بەشێک لەم سیاسییە نەزانانە حەز بە خۆدەرخستن دەکەن، بە تایبەتیش لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دا.. بەئەنجام بینەر و گوێگرانی ڕۆشنبیرن دەزانن کە چەند ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسییان نزمە.. چەند

قسەی نابەجێ و هەڵەق و بەڵەق دەکەن.
زۆر لەم سیاسیە نەزانانە، زۆر باش دەزانن کە سیاسی نین.. بەڵام دوای بەرژەوەندی خۆیان کەوتوون، بە تایبەتیش دەستکەوتی ماددی و پۆستی دەسەڵات.. هەموو ژیانیان بە بەدەستهێنانی ئامانجێک تەرخان کردوون، ئەویش کورسی دەسەڵات، بە گەیشتن بەم ئامانجەشیان ڕەگای نادروست و نەشیاو دەگرنەبەر.. ئەوان بەوایان بە چەمکی (ئامانج پکانێ بە هەکارەکان دەکات) لە ڕاستیش دا ئەمانە تەنها مەبەستیان گەیشتن بە کورسی و پۆست نیە.. بەڵکو ئەوان چاویان بەوەتە ئەو دەستکەوتانەی کە لە پشتی کورسییەوە دەنەدی، وەکو دزی و خەوەمەندکردن و خەسەپاندن و گەندەڵی و تەکردنەوە لە هەرکەسێک پێیان بڵێن ئەوە پێتان خواردناوەن.

زۆر بەداخەوە، ئەو دەستکەوتانەی کە گەلەکەمان بە دەریایەکی خوێن و فرمێسک.. بە هەزاران قوربانی ئەنفال و کیمیاباران.. بە کاولکردنی پێنج هەزار دێهاتی کوردستان هاتنەدی.. سیاسیە نەزانەکانمان زۆر بە ئاسانی لەسەر مێزی گفتوگۆدا دەیاندیان.. هەر ئەمانەش پارێزگای کەرکوک و خانەقین و ناوچە داگیرکراوەکانی تری باشووری کوردستانیان دەیاند.. چونکە گەمەکەرە سیاسی نەزانن.. لە زانیاری و لە هونەری سیاسەت دا نابەڵەدن.. نەیان توانی ناخی بەرانبەرەکانیان بخوێننەوە.. نەزان بوون و پێشبینی ئەگەر و گریمانەکانیان نەکرد.. هیچ پلانێک و وانەیەکیشیان لە نەهامەتیەکان و لە هەڵە و لە هەڵخەڵەتاندن و لە شکستیەکانی ڕابردووی گەلەکەمان وەرنەگرتن.. (سوکرات) دەڵێ:" نەزان کەسێکە کە دووجار پێی لە بەردێک هەبکەوێت" تا ئێستا چەندین جار داگیرکەرانی کوردستان ئەم خاڵە لاوازەی سەرکردە ناسیاسیەکانی کوردیان قۆستۆتەوە و توانیویانە زۆر بە ئاسانی بیان خەڵەتێنن.. لە سیاسەتیش دا ڕەوشت و بەها و بەڵێن بوونیان نیە.. سیاسەت هونەری هەڵخەڵەتاندنە، گەر تۆ نەتوانیت من بخەڵەتێنیت، من دەتوانم تۆ بخەڵەتێنم .. هەموو جارێکیش گەلەکەمان باجێکی زۆری ئەم هەڵانەی سیاسیە نەزانەکانمانی داوەتەوە.. کەچی ئەوان باکیان نیە و وەکو بەرزەکی بانان بەی دەرچوونە.

ئەوەتا لە ئەنجامی نەزانین و نابەڵەدیان لە سیاسەت دا، گەلەکەمانیان ڕووبەڕووی چارەنووسێکی نادیار کردوون.. بە دیان قەیرانیان بە کوردستان دروست کردوون.. کەچی نە دان بە هەڵەکانیان دا دەنێن.. نە داوای لێبووردن لە گەلەکەمان دەکەن..

نە واز لە دەستەبات دەهێنن.. نە تێیش دەبن.. بەڕێیشیان بە هەژار و برسی و مندالانی گەلەکەمان نایاتەوە.. بە هەوسی خۆیان، بە راست و چەپ دا، بە ئاشکرا و بەبێ شەرم سامانی گەلەکەیان دەدزن و.. خۆیان بەدەی ناکەن.

وەکچووندکەی ئاری هەرسین چەواشەکارییە! ... جیهاد موحەمەد

ئاری هەرسین، وەک ئەندام پەرلەمانێکی ناسیونالیستیی نەژادیی، چەواشەکاری دەکات لەوەدا کە هەنانی سوپا فاشیستەکەی بەعس بە سەر کوردستان و شاری هەولێر لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا بە هاتنی سوپای سوریا بە عەفرین بە هەمان داگیرکاریی دەزانێت.
ئاری هەرسین، لە پرسیار و شیکارییەکی سەرپێیانە و کاڤامانەدا وای دادەنێت کە هەنانی پاسداران و سوپای عێراق بە سەر کوردستان و هەولێر جیاوازی نییەو، ئەگەر ئەمانە سوپای داگیرکەر بن، سوپای سوریاش داگیرکەرە.
هەرچەندە ئاری دەڵێت من"نە محامی پارتیم و نە وتەبێژیشم" بەڵام بیەوێت یان نا لە هەوانگەی پارتییەوە ئەم چەواشەکارییە دەکات.

کاک ئاری دەشێت، هیوادارم کە کەس تێریزەی ئەم بابەتە نەکات و بەرگری لە هەکەوتنی پێیەدە و سوپای سوریا نەکات. کاک ئاری بێیە لەوە دەترسێت کە تێریزەی بابەتەکە بکرێت، چونکە سوور دەزانێت کە ئەوەی ئەو دەیڵێت هەڵەیە.
با وەک دوو مرۆڤی کورد و وەک دوو هاوڕاتیی و هاوڕێ ئەگەر دووریشن لە بیروباوەڕدا گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەین.

١/ساڵی ١٩٩٦ گەرمەی ئەو ساڵانە بوو کە پارتی و یەکێتی دەیانوت ئەم ئەزموونەی کوردستان هیچ هەڕەشەیەک ناتوانێت بیپارێزێت، ئەمە خەمان نەبێت، کەچی لەسەر دزین و بە تاڵانبردنی گومرگی دەروازەی برایم خەلیل خەڵکی کوردستانیان لە شەڕێکی نەگریسی نەخوازراوەوە گلاند کە هەزاران لەو چەکدارانەی پێیان دەوترا پێشمەرگەی کۆژران، بە سەدان ماڵ ئاوارە بوون، بە دەیان دیلیان لە یەکتری کوشت،

ئابووری دەیان ژن و کچی خەڵکیان برد. بەشێوەی نەوستان و هەردوو لایان بوون بە جاشی ئێران و عێراق و سوپای پاسداران و سوپای عێراقیان هێنایە سەر کوردستان و بە سەدان کەسی چەپ و شیوعی و مرۆڤی ئازا و دژ بە فاشیەتیان دا بە دەستی بەعسەوە. بەڵام هێشتا ڕۆژئاوا ئەو ئەزموونە سەربەخۆییەیان نییە و لەشێوەی هەزە فاشیی و نەیارەکانی کورد و دیموکراتیدا.
٢/ هەتا ئێستاشی پێوە بێت، ئەو جاشایەتییەی پارتی و یەکێتی بە ئێران و تورکیا بەردەوامە، سوپای تورکیا لە چەندین شوێنی هەستیاری کوردستاندا بنەو بارگایان هەیە. لە ڕۆژئاوادا تەنها لە قامیشلەدا یەک مەعسکەری سوپای سوریای لێیە، بەڵام حکومەتی سوریا موچەی هەموو فەرمانبەران و کارمەندان و مامۆستان دەنێرێت.

٣/ ئەو سەردەمە کوردستان لە سایەی فیدراڵێتێک و دەستورێکدا، کە خودی پارتی و یەکێتی لە نووسینەوەیدا بەشدار بوون ئەزموونێکی سەربەخۆی هەبوو.
٤/ هەر بە قسەی خۆیان(پارتی و یەکێتی) لەسەدا ٤٠چلی ئابووری کوردستان لە ژێر دەستی کەمپانیاکانی حکومەت و دەوڵەتی تورکیادایە. لەسەدا ١٥ تا ٢٠بیستی ئابووری کوردستان بە دەست کەمپانیاکانی ئێرانەوەیە. لە ڕۆژئاوادا ئەمە نییە.
٤/لە ئەنجامی ڕیفراندەمکی نابەجێ و ساختەچییانەی حیزبییدا لە سەدا ٥١ی خاکی کوردستا بە کەرکوکی(دە و قودسی)کوردستانەوە هادەستی عێراق کرایەوە. لە ڕۆژئاوادا مەحاڵە ئەم سیاسەتە نابەجێیە بەڕێوە بچێت.
٥/ دیسان هەر بە قسەی خودی خۆیان، زەربەی ئەو چەکانەی لە ئەمریکا وەرگیرا بە دژایەتی داعش فڕۆشتوویانە بە ئێران و تورکیا. بەڵام پەروەردی گەریلاکان بەو جۆرەیە، کە بۆیان نییە لە چەک و ئەوراقی تەنانەت داعشکانیش زیاتر هەڵگرنەوە، بۆیان نییە نە سەیارە و نە پارە و نە هیچ جۆرە کڵوپەڵێکی دووزمن وەک غەنیمە بۆرن بە خۆیان.

٦/ بە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەموو دنیاوە لەگەڵ قاسمی سلێمانی و ئەردۆغاندا هێکەوتن واژە دەکەن، تەنانەت هێکەوتنی ٥٠ساڵەیان لەگەڵ ئەردۆغان واژە کردووە بە ئەوەی پەرلەمان ئاگاداری بێت. لە ڕۆژئاودا بە ئاشکرا سیاسەت دەکەن و هێکەوتنکانیان ئاشکرایە.
٧/ سەرانی پارتی و یەکێتی بەردەوام لە جێتوفرتی هاتوچۆدان لەگەڵ ئێران و تورکیادا، بە ئەوەی کەس بزانێت خەریکی چ پلانڕێژیەکن. ئەمە ناگوزەرێت لە ڕۆئاقادا.

٨/ سەرەای هەموو ئەمانە، دزیی و گەندەڵی ئەم دوو حیزبە کارەکی کردووە کە خودی خەیان هەموو تەنازولێک دەکەن بە حکومەتی عێراق تەنها بەومەرجەی موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان بدات و هەشتا حکومەتی عێراقی حسابیان بە ناکات. بەڵام پەیدا نەک حکومەت سوریا ئەمریک و ڕوسیاش حسابیان بە دەکات.

بە پێچەوانەی هەمو ئەم خاڵانەو دەیان خاڵی تریش کە هەموویان نەگەتیف و نەخوازراون و هیچیان لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا نییە، پەیدە و یەپەگە و یەپەژە و بە گشتی شۆڕشگێڕانی ئۆزئاوا لەگەڵ میللەت و کەمەگەی خەیاندا زۆر تەبا و ڕەکن، بە جۆرێک چینی سیاسیی ئۆزئاڤا لەگەڵ میللەتی خەیاندا چوون بە ناو یەکدا، وەک یەک جەستە وان، مەگەر ئەنکەسە کە بە داخەوە بە دندانی پارتی ئەکناکەون لەگەڵ پەیدەدا. ئەمان هیچ زیانێکیان بە بەرژەوەندی میللەتی خەیان نەگەیاندووە، ئەمان بە هیچ جۆرێک گەندەییان نییە و قوتی منداڵ و خەڵکی ئۆزئاوایان نەدزیوە. لە دواجاریشدا لە دژی هەرشەکی ناڕەوا و دڕندەی ئەردۆغان و حیزبە فاشیستەکەی توانیویانە سیاسیانە لەگەڵ سوپای سوریدا ڕێکبکەوێن و سوپای سوریا بێتەوە سەر سنوور و قسە و پاساوی درۆزنانەی ئەردۆغان ببڕن کە دەڵێت؛ ئەمە بە پێی بەیاری نێتەوە یەکگرتووەکان بەمان هەیە بچینە ناو خاکی سوریاوە بە پاراستنی سنورەکانی خەمان.

ئیتر نازانم کاک ئاری چۆن ئەم کارە سیاسییەی پەیدە کە ئێران و ئەمریکا و ڕوسیا و هەموو خەڵکی ئۆزئاوا ئازین لەسەری ئەیچوێنێت بە خیانەتی هەنانی سوپای پاسداران و سوپای عێراق کە سەدان کەسیان خەڵتانی خوێن کرد. دەیان کەسیان گرت و بەسەروشوێنیان کرد.
هیوادارم ئاری هەرسینەکان تێزەک بە خەیاندا بچنەوە و هەندە چواشەکاری نەکەن.

لینکی بابەتەکەی کاک ئاری هەرسین. /http://www.awene.com/2018/02/21/78908

جیهاد موحەمەد/ نەرویج
٢١/٠٢/٢٠١٨

یەپەگە وریابە، ڕوسیا و ئەسەد مارکی دووسەرن!... ئاشتی ئیبراهیم ئەفەندی

ئەمە، مژووی تەنیا ساتێک لەوپێش خەی دوپات دەکاتەوە، بە گوێرەی هەواڵی میدیای جیهانی و لەکۆبوونەکان بێت، یەپەگە لەگەڵ ئەسەد ئێککەوتون، کە سوپای سوریا بەن بە عەفرین، بە مەبەستی هاوکاری شەڕڤانان، بە هووبووونەوەی سوپای تورک! لە ١٩/٣/٢٠١٧دا، یەپەگە لەگەڵ ڕووسیا ئێککەوتن، ژمارەیەک لە سوپای ڕوسی، هاتن بە عەفرین و ئەو ناوچەیە لەژێر پارێزگاری ڕووسیا بوو، تا دەگات بە پارێزگاری کردن لە ئاسمانی ناوچەکە لە هەر هەڕشەکی سەربازی.
ڕوسیا، بە هەڵخەڵتاندنی کورد و دەربەینی نیەت سافی لەو ئێککەوتنەدا، ئەو کات، ڕۆی ئاسا، کەوتە داشتنی فرتوفێڵ و بەاوکردنەوەی درێ ودەلەسە وەک، بەوا بوون بە ئەتەنامی بە کورد لە سوریا، کردنەوەی ئەفسەک بە یەپەگە لە ڕوسیا، بەشداری پێ کردنی کورد لە دانوساندنەکان و گفتوگۆکان بە گەیشتن بە ئێککەوتن بە مەبەستی گەلانەوەی ئاسایش بە ناوچەکە. لە ژێڕەوش، دەستی کرد، بە توند کردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئەحانی، ئەردوغان و ئەسەد و هەکانەدنی چاڵ، دژ بە میللەتی کورد و دژە ئەواکەی! لەدەرئەنجامدا، ڕوسیا بە خشپەیی عەفرینی، لە ژێر موشەکەکانی تورکیا جێهێشت، لە کۆتاییدا، تەنیا نەبوو بە تەماشاکەر، بەکو بوو بە ئاگر خۆشکەریش.

هەنوکە، دۆزگای هەواگری و سیاسەتمەدارانی ڕوسیا، بوون بە توژەرەوەی سیاسیی بە ئەردوغان! هەر هەنگاوێک، یان هەر لێدوانێک، دەربارەی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا، بەاو بێتەوە، دەستبەجێ ڕوسیا هەوەدەدا، بە شەوێک شکردنەوەی بە بکات، کە بتوانیت زیاتر دەماری عوسمانیی تورکی ڕاگەزپەرست بگرێت، زیاتر ئەردوغان هانبدات دژ بە کوشتنی خەڵکی بێتاوان و منداڵی کورد لە ئەژئاوای وڵات بە تایبەتی لە عەفرین!
دووشەمەی ڕابردوو، ئەکسی تێلرسەن, وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کاتێک کە لێدوانی دا دەربارەی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا لە سوریا، دەستبەجێ وەزیری دەرەوەی ڕوسیا، لەڤارۆف، هاتە دەنگ و گوتی " ئەمریکا دەیەوێت دەوڵەتێکی بچووک لە سوریا دابمەزرێنێت لەو

ناوچانەی کە لە ژێر دەسەلاتی یەپەگەن". گومانی تێدا نییە، ڕوسیا لەبەکار هێنانی ئەو جۆرە ووشە و ستایلە، مەبەستێتی زیاتر ئاگر خۆش بکات، ئەردوغانی دەندە زیاتر هاوە بکات بەرامبەر بە کوردان. لەڤارگ، ئێستا، لە میدیاکاندا شکر دشکێنێت و دڵێت، "ئەمریکا، ناوچەیەکی جیا کردەتەوە، حکومەتەکەکی بچووکی دابەاوی لە دیمەشق دروست کردوە لە ناوچەکە، پارە و یارمەتی وەردەگرن، بە ئەوەی بتوانن بەردەوام بن، یاسا و دەستوری خۆیان دامەزراندوە و چەک و تەقەمەنیان بە دەت. نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت سەرنجێک بدەنە ئەو جۆرە بارودۆخەی دروست بووە و نەهێن هێزی دژەکی لەوە بمێنێتەوە و کە بە پێچەوانەی یاسای ژمارە ٢٢٥٤ی نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەروها دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو لایەک پابەندی ڕێککەوتنی سوچی بکات". دوای ئەو لێدوانەی لەڤارگ، هێرش و تێپبارانەکانی تورکیا، بە سەر عەفرین لایەن سوپای تورکیا خێستر بوو.

کورد، دەبێت بزانێت، کە ئێسەد و پەتین، دوژمنی نەتەوەی کورد و دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتووی نیشتمانیی و نەتەوەیی کوردن، دژ بە سەربەخۆی کوردستانن، لەو دیدەوە ڕێککەوتن، لەگەڵ ئێسەد، هەمان چارەنووسی ئەو ڕێککەوتنەی ڕوسیای دەبێت بگرێ خراپتریش، بۆ؟
ڕوسیا، وەک هێزێکی دژەکی، دەبێت بە ڕێککەوتن و ڕێزامەندی زلهێزی تری دنیا و ناوچەکە مانەوەی خۆی لە سوریا مسۆگەر بکات، لە ئەرزی واقیعدا و بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی بێت، ڕوسیا بۆی نییە لە سوریا بمێنێتەوە، هەروها لە حاڵەتی پێداگری کردنی لە مانەوەی لە سوریا بگومان توشی گرفتی زۆر دێت نەک تەنیا لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا بگرێ لەگەڵ دوژمنە دێرینەکانی وەک ئێران و تورکیاش، بەڵام، سوپای سوری هاتنی بە عەفرین، دواتر دەرپەاندنی کارێکی قورستر دەبێت. ئەو سوپایە بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، سوپایەکی فەرمیی سوریایە و مەشروعیەتی مانەوەی دەبێت، بە پارێزگاری کردن، لە خاکی سوریای یەکگرتوو و دەسەلاتی سیاسیی ئەو وڵاتە. بەهێزبوونی ئەو سوپایە، بەهێزبوونی تورکیا، ئێران و ڕوسیایە لە عەفرین، هاتنی ئەو سوپایە بە عەفرین، لەگەڵ خۆشکەرە لە هاتنی بەکرگیراوان و جاشی ڕوسیا، ئێران، تورکیا و سوریا بە نەو شارەکە و گۆشکردنی شەڕی مەدەنی و دەستوێخەی لە چاوەوان دەکرێت لە ئایندەدا، کە ئەو جۆرە ووبەووبوونەوەیە، زۆر قورستر دەبێت، بە بڕاورد کردن، لەگەڵ شەڕی سەنگەری ووبەووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، هەروها دامەزراندنی ئەو سوپایە، لە سنوورەکانی نەوان تورکیا و سوریا لە عەفرین، جگە متمانە نییە و چاوەوانی ڕێککەوتنی لە دەکرێت لەگەڵ تورکیا و دژە پێکردنی سوپاکەیان بە نەو عەفرین.

لەدڕێنجامدا، هاتنی سوپای سوری و دامەزراندن و خۆشکردنی جێگە پێیان لە عەفرین، هێرشێکی مەزنە، دواتر، دووبارە ژن و منداڵی کورد باجێکی دەدەن، دووبارە دەکرێن بە قەڵغان و کەواسووری بەر لەشکر، بە دڵنیاییەوە، سووڵانەوەیە لە بازنەیەکی داخراودا!

بەهرەز، دەنگی دوورگەیەک، دەنگی سەدان پەنابەر

بەهرەز بوچانی ، ناوی ئەو پەنابەرە کوردەیە کە ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ و نیوە لە کەمپەکانی دوورگەی مانوسی پاپانیوگینیایە و تا ئێستاش چارەنوسی وەک پەنابەرێک یەکلاینەکراوەتەوە.
بەهرەز لە دواهەمین دەرکەوتنیدا و لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرەی ئینگلیزیدا باس لە خراپی گوزەرانی خۆی و پەنابەرانی تری کەمپەکە دەکات کە لە ناویاندا چەندین پەنابەری عێراقی و ئێرانی و پاکستانی و چەند نەتەوەیەکی تریش بوونیان هەیە.

بەهرەز هەر لە سەرەتای گواستنەوەی بۆ ئەو دوورگەیە بووەتە دەنگێکی داکۆکیکار لە مافی ئەو پەنابەرانە بەجێرێک کە دەیان ستونی بە ماڵپەری ڕۆژنامەی گاردیان نووسیوە و بەشداربووە لە بەرهەمهێنانی فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەبارەی هەوشی ژیانی ئەو پەنابەرانە کە تا ئێستا ئەو فیلمە لە چەندین ووڵات و بۆنەی جیاوازدا نمایش کراوە و بەهرەزیش بەهۆی کارەکانیەوە بۆ چەندین خەڵات پاڵێوراوە و براوەی چەند خەڵاتێکیش بووە.

هۆکاری بەندکردنی بەهرەز و ئەو پەنابەرانەش لەو دوورگەیە ئەوەیە کە هەوڵیانداوە بە قاچاخ و بە بەلەم ڕوو لە ئوسترالیا بکەن بەڵام بەپێی یاسا تونەدکانی کۆچی ئوسترالیا ، ئەو کەسانە براون بۆ کەمپەکانی دوورگەی ناورۆ و پاپانیوگینیا و هەرگیز لە ئوسترالیا نیشتەجێ ناکرێن ، ئەو سیاسەتەش بووەتە جێگەی نیگەرانی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی پەنابەران و بە پشێلکارییەکی مافی ئەوانی دەزانن.

لە میانەی چاوپێکەوتنەکەیدا ، بەهرێز بە ئاشکرا دەڵێت ئەوان دووچاری ئەشکەنجەدانێکی سیستەماتیك بوونەتەوە لەو دوورگەیە کە توانای نیە ئەوان بپارێزێت.